مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد / ١٦ / العدد ٣

# دور المدارس الإسلامية في تشكيل الشخصية الكردية (١٨١٥-١٩٤٦)

م. م. هيرو كمال كريم
وزارة التربية. مديرية التربية السليمانية
herokaremary@gmail.com

**الكلمات المفتاحية**: المدارس الدينية، الدور والتعليم، الشخصية الدينية، الشخصية الفكرية، الشخصية السياسية.

**كيفية اقتباس البحث**

كريم, هيرو كمال , دور المدارس الإسلامية في تشكيل الشخصية الكردية (١٨١٥-١٩٤٦),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

# The Role of Islamic Madrasas in Shaping the Kurdish Individual (1815-1946)

Assistant Lecture Hero Kamal Karim
Ministry of Education, Education Directorate of Sulaymaniyah
herokaremary@gmail.com

**Keywords** : Religious schools, role and education, religious personality, intellectual personality, political personality.

**How To Cite This Article**
Karim ,Hero Kamal ,The Role of Islamic Madrasas in Shaping the Kurdish Individual (1815-1946),Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
In southern Kurdistan, there existed scholarly circles composed of poets, religious teachers, politicians, and some prominent intellectuals from among the families and administrators. Although small in number, these figures wielded significant influence over Kurdistan's cultural relations. Notable among them were Mela Idrissi Bitlisi, Ahmed Khani, Mela Jaziri, and Mela Mahmoud Bayazidi, among others.
During the emirate period, schools and the educational process were primarily regional in nature. Religious education was emphasized, taking place in rooms, mosques, tekkes, and khanqahs. These institutions served as centers for teaching and developing the personalities of students during the Ottoman era. Between 1534-1750, the learning process in mosques, rooms, and scriptoriums continued, though the methods of instruction were not standardized. However, throughout the various regions of Kurdistan, despite hardships, Kurdish personalities emerged. Children in

these rooms, in addition to reading and writing, were taught the fundamentals of Islamic religious belief, prayer, calligraphy, memorization of the Holy Quran, and religious sciences.

Several schools emerged during this period, including Sidi Khan, Murad Khan, Imam Qasim Qobad Beg, the Grand Mosque, Rawanduz School, Jadida, the Kawlakan Mosque, and the Qala Garraki Mosque, among others. Many of these schools possessed libraries filled with diverse books and important manuscripts written in Persian, Turkish, and Arabic. Notable scholars such as Mela Umer Effendi, Ibn Adam, Mela Muhammad Wasimi, Mela Brahim Barznaji, and Sheikh Marifi Nodi emerged from these institutions. During this period, several prominent thinkers, linguists, and great poets arose, including Nali, Salim, Mawlawi, Kurdi, and Mahwi.

During the emirate period, formal education did not exist in the modern sense. Rather, religious centers served as the primary centers of learning and teaching. Several renowned religious institutions were established in cities such as Erbil, Sulaymaniyah, Kirkuk, Koya, and Hawraman by Kurdish emirs and authorities, who provided them with financial and moral support.

In 1847, the Ottoman Empire decided upon reforms aimed at eliminating backwardness. These reforms extended to the educational sphere, particularly through the establishment of Rüşdiye schools, which sought to transition education from purely religious institutions to civil and military schools. Later, schools of public knowledge and judicial schools were also established.

Following the weakening of the Ottoman Empire and the changes that occurred in the region, European missionary schools appeared in areas such as Urmia and Diyarbakır. These schools played an influential role in the education of Kurdish emirs and individuals. After 1918, further transformations took place in the region. Schools developed and expanded, and their role in shaping Kurdish emirs and Kurdish personalities became increasingly significant.

## الملخص



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

في جنوب كردستان، كانت هناك دوائر علمية مؤلفة من شعراء ومدرسين دينيين وسياسيين وبعض المثقفين البارزين من العائلات والإداريين. على الرغم من قلة عددهم، كان لهؤلاء الشخصيات تأثير كبير على العلاقات الثقافية في كردستان. ومن أبرزهم ميلا إدريسي بيتليسي وأحمد خاني وميلا جزيري وميلا محمود بيزيدي وغيرهم. خلال فترة الإمارة، كانت المدارس والعملية التعليمية ذات طابع إقليمي في المقام الأول. كان التركيز على التعليم الديني، الذي كان يتم في الغرف والمساجد والتكايا والخانق. كانت هذه المؤسسات بمثابة مراكز لتعليم وتطوير شخصيات الطلاب خلال العصر العثماني. بين عامي ١٥٣٤ و١٧٥٠، استمرت العملية التعليمية في المساجد والغرف والمكتبات، على الرغم من عدم توحيد أساليب التدريس. ومع ذلك، ظهرت شخصيات كردية في مختلف مناطق كردستان، على الرغم من الصعوبات. كان الأطفال في هذه الغرف يتعلمون، بالإضافة إلى القراءة والكتابة، أساسيات العقيدة الإسلامية والصلاة والخط وحفظ القرآن الكريم والعلوم الدينية.

ظهرت عدة مدارس خلال هذه الفترة، منها مدرسة سيدي خان، ومدرسة مراد خان، ومدرسة الإمام قاسم قباد بك، ومدرسة المسجد الكبير، ومدرسة رواندوز، ومدرسة جديدة، ومدرسة كولكان، ومدرسة قلعة غاراكي، وغيرها. كانت العديد من هذه المدارس تمتلك مكتبات مليئة بالكتب المتنوعة والمخطوطات المهمة المكتوبة باللغات الفارسية والتركية والعربية. وخرج من هذه المؤسسات علماء بارزون مثل ملا عمر أفندي وابن آدم وملا محمد واسيمي وملا إبراهيم برزناجي والشيخ معرفي نودي. خلال هذه الفترة، ظهر العديد من المفكرين واللغويين والشعراء البارزين، بما في ذلك نالي وسالم ومولوي وكردي ومحوي. خلال فترة الإمارة، لم يكن التعليم الرسمي موجودا بالمعنى الحديث للكلمة. بل كانت المراكز الدينية هي المراكز الأساسية للتعلم والتدريس. وقد أنشأ الأمراء والسلطات الكردية العديد من المؤسسات الدينية الشهيرة في مدن مثل أربيل والسليمانية وكركوك وكويا وحورمان، وقدموا لها الدعم المالي والمعنوي.

في عام ١٨٤٧، قررت الإمبراطورية العثمانية إجراء إصلاحات تهدف إلى القضاء على التخلف. امتدت هذه الإصلاحات إلى المجال التعليمي، لا سيما من خلال إنشاء مدارس رشدية، التي سعت إلى تحويل التعليم من مؤسسات دينية بحتة إلى مدارس مدنية وعسكرية. في وقت لاحق، تم أيضا إنشاء مدارس للمعرفة العامة ومدارس قضائية. بعد ضعف الإمبراطورية العثمانية والتغيرات التي طرأت على المنطقة، ظهرت مدارس تبشيرية أوروبية في مناطق مثل أورميا وديار بكر. لعبت هذه المدارس دورا مؤثرا في تعليم الأمراء والأفراد الأكراد. بعد عام ١٩١٨، حدثت تحولات أخرى في المنطقة. تطورت المدارس وتوسعت، وأصبح دورها في تشكيل الأمراء والشخصيات الكردية أكثر أهمية.

## ڕۆڵی قوتابخانە ئاینییەکان لە پێگەیاندنی تاکی کورددا (١٨١٥-١٩٤٦ز)

**م.ی. هێرۆ کەمال کەریم، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی سلێمانی**

**herokaremary@gmail.com**

پوختە

لە باشووری کوردستاندا توێژێکی خوێندەوار هەبووە، کە لەشاعیر، مامۆستای ئاینی، سیاسەتمەدار و هەندێك لە ڕوناکبیرانی بنەماڵەو فەرمانڕەواکان پێکهاتبوون. ئەمانە لە ڕووی چەندایەتییەوە ژمارەیان زۆر نەبووە، بەڵام لە ڕووی چۆنایەتییەوە کاریگەرییان بەسەر

پەیوەندییە فەرهەنگییەکانی کوردستانەوە هەبووە، لەوانە وەکو مەلا ئیدریسی بەتلیسی، ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، مەلا مەحموودی بایەزیدی و... هتد. لە سەردەمی میرنشینەکاندا قوتابخانەکان و خوێندن و پرۆسەی پەروەردە، زیاتر ناوچەیی بووە. زیاتر خۆی لە خوێندنی ئاینیدا بەرجەستە کردووە، لەحوجرە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکاندا خۆی دیوەتەوە، ئەمانە شوێنی وانەگوتنەوە و پێگەیاندنی کەسایەتی و خوێندەواران بووە لەسەردەمی عوسمانیدا. لە ساڵی (١٥٣٤١٧٥٠ز) دا پرۆسەی فێربوون لەمزگەوت و حوجرەو سوختەخانەکان تێنەپەڕیوە و شێوازی خوێندن لەئاستی پێویستدا نەبووە، بەڵام لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان سەرەڕای نەهامەتییەکان، کەسایەتیی کورد دەرکەوتوون، منداڵان لەحوجرەکاندا جگە لە خوێندنەوە و نوسین، فێری بنەما و بنچینەکانی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلام، پەرستش، زانستی جوانووسی، لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و زانستی فەرمووده دەکران. دەرکەوتنی چەندین قوتابخانەی وەکو سیدی خان، مورادخان، ئیمام قاسم قوباد بەگ، مزگەوتی گەورە، خوێندنگای ڕەواندز، جدیدە، مزگەوتی کاولۆکان، مزگەوتی گەڕەکی قەڵا و.... هتد. ئەم قوتابخانانە جگە لەحوجرە بۆ وانە خوێندن، بەشێکیان کتێبخانەیان هەبووە، پڕ بوون لە کتێبی جۆراوجۆر و دەستنوسی گرنگ و بەهادار، کە بەزمانی فارسی و تورکی و عەرەبی نوسرابوون، وەکو خوێندنگەی مزگەوتی گەورەی قەڵاچوالان، سەرەڕای دەرکەوتنی زانا و کەسایەتیی بەرچاوی وەك مەلا عومەر ئەفەندی و ئیبن ئادەم و مەلا محەمەدی وەسیمی و مەلا برایمی بەرزنجی و شێخ ماریفی نۆدێ و... هتد. هەر لەو قۆناغەدا جەندین بیرمەند و زمانزان و شاعیری گەورە دەرکەوتن، لەوانە: نالی، سالم، مەولەوی، کوردی، مەحوی..... هتد.

لەسەردەمی میرنشینەکاندا خوێندنی فەرمی نەبووە، بەڵکو ناوەندە ئاینییەکان ناوەندی خوێندن و فێرکردن بوون. چەندین مەڵبەندی ئاینیی بەناوبانگ لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و کۆیە و هەورامان لەلایەن میر و دەسەڵاتدارانی کوردەوە کراونەتەوە و پشتیوانیی دارایی و مەعنەوییان پێشکەشکراوە. ساڵی (١٨٤٧ز) دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری چاکسازییدا لە پێناو ڕزگاربوون لە نەهامەتی، چاکسازییەکان بواری خوێندنیشیان گرتەوە، بەتایبەتی بە کردنەوەی خوێندنگەی ڕوشدیە، کە خوێندن لە فێرگە ئاینییەکانەوە بگوازێتەوە بۆ خوێندنگەی مەدەنی و سەربازی، دواتر خوێندنگەی مەعارف و دادوەرییش کرایەوە. لەدوای لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی و گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا، قوتابخانەی میسۆنەرە ئەوروپییەکان لەناوچەکانی ئورمیە و دیاربەکر دەرکەوتن، کە ڕۆڵی کاریگەریان لە پێگەیاندنی میر و تاکەکانی کورددا هەبووە، ساڵی (١٩١٨ز) بەدواوە گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، قوتابخانەکان گەشەدەکەن و ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی میر و کەسایەتیی کورددا دەبێت.

**کلیلە وشە: قوتابخانەی ئاینی، ڕۆڵ و پێگەیاندن، کەسایەتیی ئاینی، کەسایەتیی ڕۆشنبیری، کەسایەتیی سیاسی.**

**پێشەکی**

ڕەوشی خویندن وخویندەواری لەهەرسێ ویلایەتەکانی (بەسرە،بەغداد،موسڵ) تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لە ئاستێکی ناهەموار دژواردابوو، ئەم ناوچانە بەگشتی لە قۆناغی دەسەڵاتی عوسمانی پڕبوو لەکێشەو گیروگرفت و کێشمەکێشی سیاسی، عوسمانیەکان لەوبڕوایەدا بوون خوێندن و فێربوون ئەرکێکی تاکە کەسیەو بە بەرپرسیارێتی خۆیان نەزانیوە

گوێیان نەداوەتێ (احمد:ابراهيم خليل،١٩٩٢،ل٣٣٣)، ڕەنگە هۆکاری تریشی لەپشتیەوە بێت تاوەکو خەڵکی هۆشیارنەبن لەودەسەڵاتە، گیروگرفت ودواکەوتوییەکانی عوسمانی، ڕەنگە فاکتەری تریش بۆ باڵادەستی سوڵتان و پیاوانی ئاینی لەناوەندەکانی بڕیاردان بگەڕێتەوە کە تاڕادەیەکی زۆر لەڕۆڵی ڕۆشنبیران وخوێندەواران ترساون، تەنانەت هەندێك جار خودی سوڵتانەکان پێشرەوی ڕەوتی کۆنەپەرستییانکردوە(شوانی، ٢٠٠٢ ٥٤).

عوسمانیەکان بەتایبەتی لەساڵانی (١٧٥٠-١٨٣١ز) بەدەست نەزانن ودواکەوتوییەوە ناڵاندویانە، بایەخیان بەو لایەنە گرنگ وچارەنوسە نەداوە، پەروەردە وخویندن لەم قۆناغەدا لەئاستێکی سەرەتایی بوو وفێرگەئاینیەکان سنورداربوو ودابەزینی ئاستی ستاندەری زانستی بەهۆی ئەوەی زۆر کەس پێیانوابوو خەریك بوون بەکاری کشتوکاڵی باشترە لەخوێندەواری، زیاتر گونجاوە بۆ ژیان بەو پێیەی داهێنان ڕەسەنایەتیی تێدا نیە (عبد الله، ٢٠٢٤، ٥٥٣).

ڕاستە دەوڵەتی عوسمانی سەرتاپای گیانی نەخۆش بوو، بەڵام سەبارەت بە ناوچەکوردیەکان جێگەی سەرسورمانە ئاستی زانستی وگەورەیی زانا کوردەکان لەگەڵ پێشکەوتنی مادی وئاوەدانی وڵاتەکەیاندا ناهاوسەنگە، گەلی کورد خاوەنی شاری گەورەو شارستانی فراوان وسەربەخۆی تەواو نییە لەو قۆناغەدا، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتەکەیان خوێندنگەی زۆری ئاینی بۆ فێربوونی زانست ئاوەدانن بەخوێندکارو خوێندن وفێربوونەوە بەشێوەیەکە قوڵ و زۆرباش، زانای زۆر گەورەیان تێدایە، کە لەبواری تیکۆشانی زانستیدا زۆر پێشڕەون (قزلْجی، ٢٠١٣، ٢٥).

لەسەردەمی میرنیشینەکاندا هەرهەنگاویکی کردەیی بۆ فەراهەمکردنی خوێندن وبەڕێوبردنی پرۆسەی پەروەردە لەئەستۆی دەسەڵاتی لۆکاڵییەکاندا بووە (محمد، ٢٠٢٣، ١٠٨)، لەو قۆناغە خوێندنگای ئاینی ومزگەوت وحوجرەکان شوێنی وانەگوتنەوەو زانست، پەروەردە و پێگەیاندنی خوێندەواران بوون، بەدرێژایی مێژوو فێرگەئاینیەکان وحوجرەو مزگەوتەکانی کوردستان هاوکات لەگەڵ خانەقاو تەکییەکان جێگرەوەی قوتابخانە میری وپەیمانگاو کۆلێژ و زانکۆکان بوون، هەمیشە مەڵبەندو مەکۆی زانست وزانیاری وپێگەیاندنی سەدەها زاناو پیتۆڵ وئەدیب وشاعیرونووسەروپێشەوای گەورەومەزنی گەلەکەمان بووە،گەرلاپەرەکانی مێژووی نەتەوەی کورد هەڵبدەیتەوە بەوردی چاوی پێدا بگێریت ئەم ڕاستیە دەردەکەوێت، زۆربەی سەرکردەوشۆڕشگێرونەتەوە پەروەروشاعیران وئەدەب دۆستاننی کورد مەلابوون (صابر:هەردی، ٢٠١٩،ل ١١)لەو خوێندنگا ئاینیانە جۆشکراون نموونەشمان زۆرن لەوانە شێخ عوبەیدوڵای نەهری وبارزانی نەمرو شێخ عبدولسەلام بارزانی وشێخ محمودو قازی محمد...هتد.

حەیفە زانایانی وەك ابن الحاجب وابن الاثير وزين الدين ی فەرموودەناس،ابو زرعەی کوری وابن الصلاحی شارەزووری و عەلی ئەحمەد هەکاری لەیادیان بکەین،ئەبوبکری مصنف ویوسفی اصم وئەبو سعودی ئامێدی نەزاندرێ چیان داناوە،ابن الحاج وابن ادم وعبدالرحمنی جەلی وموفتی زەهاوی ومەلا محمدی خەتێ وئەبوبکر میر ڕۆستەمەی ومەلا جەرجیس هەولێری بخرێتە پشت گوێ، مخابن نەزاندرێ بێتووشی وشێخ مەعروف ونالی وشێخ احمدی جزیری وخانی چییان گۆتییە، حەیدەری یەکانی ماوەرانی ماوەی زۆر خەریکی نوسین ودەرسدانەوە بوون ئیجازەی زانستی هەموو کوردستان دەگەڕێتەوە لای وان باسیان نەکرێت

ولەیاد بکرین و قزلّجی وپێنجوێنی ومەزناوەیی ومەلا ئەفەندی هەولێرومەلا محمەد ئەمینی کونە فلوسەو شێخ تاهیری بالیسانی وشێخ ئەبوبکری خەرشەمی وشێخ مستەفای نەقشبەندی و سەید عبدالرحیمی مەولەوی وماموّستا عبد الکریمی مدرس،دەربارەی مێژووی ئەوزاتانە هیچ نەزاندریت

ئێمەگەلێکین خاوەن هەست وبیر خاوەن دەسەڵات، نوسەر رۆشنبیر
چەند زاناو دانا، پیری تەریقەت هەڵگری نامەی، شەرع وحەقیقەت
چاك وچاكەخواز، کردارو رەفتار هەموو ئەندام چاك جان ودڵ وزار
دڵی رووناکیان، شەوقیدا جیهان لەدەشت ولەشار، چیا بەرزی
کوردان(بەحرکەیی،٢٠١٠، ١).

د. رەشاد میران سەبارەت بەحوجرەو نەتەوەی کورد نوسیویەتی(نزیکەی هەموو رابەروسەرکردەی راپەرینەکانی کورد پیاوی ئاینی بوون شێخ عوبەیدیللای نەهری،شێخ محمودی بەرزنجی،شێخ سەعیدی پیران،قازی محەمەدوشێخەکانی بارزان،ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆئەوە کەئایین لەکۆمەڵگای کوردەواریدا چەند کاریگەرە ودەتوانێ دەوری سیاسی ببینێ وجەماوەری خەڵك بجوڵێنێ (میران، ٢٠٠٠، ٥٤).

لەم توێژینەوەدا بۆ ئەوەی زیاتر ووردتربینەوە باسەکە زانستیانەتر بکەین پۆلێنیان دەکەین بەچەند باسێك:

١. رۆڵی مزگەوت وفێرگەئاینیەکان پێش چاکسازی عوسمانی وهاتنی هێزە بیانییەکان:
٢. لەدوای گۆرانکاری وچاکسازی لەدەولّەتی عوسمانی فێرگەئاینیەکان رۆڵیان بۆ چی گواسترایەوە؟

١. بەشی یەکەم: رۆڵی مزگەوت وفێرگەئاینیەکان پێش چاکسازی عوسمانی وهاتنی هێزە بیانییەکان:

١. ١. مزگەوت وحوجرەو مەدارسە ئاینییەکان چین؟

مزگەوت لەرووی زمانەوانیەوە بەمانای ئەوشوێنە دێت کە کڕنوشی تێدا دەبرێت (معلوف،٢٠٠٩، ٢٢١)، دواتر واتاکەی زۆر فراونتربوو مزگەوت ئەو ماڵەیە کە موسڵمانان تێدا کۆدەبنەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژەکان وکۆبوونەوەی موسڵمانان، شوێنێکی پەروەردەی ئاینییە کەبۆ نوێژ، سوجدەکردن، یادکردنەوەی خوای گەورە وتاردانی مەلاکان وچالاکیە ئیسلامی وکۆمەڵایەتییەکان دامەزراوە، لە کوردستاندا مزگەوت هەرگیز تەنها شوێنی نویژ نەبوە، بەڵکو شوێنیك بووەبۆ فێربوونی قورئان،فقە،تەفسیری قورئان، ئەخلاقوبەرهەمهێنانی زانایان(پێنجوێنی، ١٩٩٨، ١٤).

لەسەردەمی پەیامبەردا (د،خ) مزگەوت تەنها شوێنێك نەبووە بۆ خوداپەرستی، بەڵکو دادگایەك بووە بۆ دادوەری،شوینێك بووە بۆخوێندن،گۆرەپانێك بووە بۆکۆبوونەوەی سوپای موسڵمانان،ماڵك بوە بۆپێشوازی لەنێردەکان ئەمەش ئەوە دەردەخات زۆربەی کاروبارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لەمزگەوت جێبەجی کراون پێش دروستبوونی دامەزراوە حکومیەکان (محمد،٢٠٢٣، ١٦).

لەرۆلی پەروەردەیی مزگەوتەکان شوێنی لەدایکبونی ئیمان وسەرچاوەی زانست ومەعریفەو کاریگەری شارستانیەت وسەرچاوەی ڕۆشنبیری وقەڵای بەرگری فیکری ئیسلامین لەپیسی عەقیدەی پەروەردە لەخاکی کوردییەکان پەیوەندیەکی نزیکی بەمزگەوتەوە هەیە ومزگەوتەکان ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان بەرهەم هێناوە،کەژیانی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی زانستەکان و لێکۆڵینەوە لێکۆڵینەوەو نوسین لەلقە جیاوازەکانی زانستدا تەرخان کردو کتێبخانەکانیان بەبەرگ کتێبی بەرهەمداردەوڵەمەند کرد،هەندێکیان ڕوویان لە سۆفیگەری کردو هەندیکی ترڕوویان لەبوارەکانی کلتورە هەمەچەشنەکان کرد(البرواری ،٢٠١٣، ص٧١).

١. ٢. ناوی هەندێك لەمزگەوت وفێرگەئاینیەکان وکەسایەتیەکان:

شارەکانی کوردستان پڕبوون لەمزگەوت کەبونەتە جێگای کۆبوونەوە فێربوون ونوێژکردن،سەرەرای چارەسەرکردنی کێشەو،خزمەتی سیاسەت وسەربازی،مزگەوت بۆتەناوەندێکی ئاینی ورامیاری وکۆمەڵایەتی، کۆنترین مزگەوت لەشاری هەولێر موزەففەرەدین کۆکبرییە کەمێژووی دروستبوونی بۆ موزەفەردین کۆکبرییە دەگەڕێتەوە،ئەم مزگەوتەلەبەشی ڕۆژئاوای قەلای هەولێرەبەدووری ٢کیلۆ مەتر دروستکراوە،،لەسەدەی ١٩ ئەم مزگەوتە نەما تەنها منارەکەی ماوە بە منارەی چۆلی ناسراوە گەریدەناس نیپورلەگەشتەکەیدا ئاماژەی پێکردوە،هەروەها ریچ یش لەگەشتەکەیدا باسی کردوە کە تەنها منارەکەی ماوە (اسماعیل، ٢٠١٦،، ٤٤-٤٥).

١. ٢. ١. مزگەوت وخوێندنگا ئاینیەکان لەناوچەکانی کوردستان:

١. ٢. ١. ١. هەولێر

مزگەوتی گەورەی قەڵا کۆنترین مزگەوتی ناو قەڵایە کە لەکاتی خۆیدا زۆر سەرنجڕاکێش بووە زۆر خزمەتی کراوە،چەندین جار نۆژەنکراوەتەوە، ساڵی ١٨٤٥ بەفەرمانی (نەجیب پاشا) حەرەمەکەی فراوانکراوەو منارەکەی بۆدروستکراوە(اسماعیل، ١٩٨٤، ٣٧).

مزگەوت و قوتابخانەی ئەحمەدی لە قەڵائەم مزگەوتە بە یەکێک لە کۆنترین و وێرانترین مزگەوتەکانی قەڵا دادەنرێت. زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا لەلایەن باوباپیرانی(مەلا ڕەسوڵ ئەفەندی) دروستکراوە، لەم مزگەوتەدا قوتابخانەیەکی بەناوبانگ هەبوو. بنەماڵەی مەلا ڕەسوڵ ئەفەندی پیشەی وانەوتنەوەیان گرتە ئەستۆ، ئەم قوتابخانەیە تەنیشت قوتابخانەی قەڵا بوو، یەکێک لە مامۆستا بەناوبانگەکانی (مەلا ئەحمەد ئەلوەیز) بوو. مەلا ڕەسوڵ ئەفەندی کوڕی مەلا عەبدوڵڵا کوڕی مەلا عومەر یەکەم ئیمام و مامۆستا بوو لە مزگەوتەکەدا. دوای کۆچی دوایی باوکی، کوڕەکەی، (مەلا ئەحمەد، کوڕی مەلا ڕەسوڵ) ئیمامەتی و وانەوتنەوە لەم مزگەوتەدا گرتە ئەستۆ. پاشان دوای کۆچی دوایی ئەم زانایە گەورەیە، ئیمام و فێرکاری بۆ کوڕەکەی، (مەلا ڕەسووڵی دووەم) کە پێدەچێت لەدایک بوونی لە ساڵی ١٢٣٢ی کۆچیدا بووبێت. باوکی، مەلا عەبدولڕەحمان عەقار، ئیمام و مامۆستا بووە لە مزگەوت و قوتابخانەی ئەحمەدییە. لە ساڵی ١٨٨٦ی زایینی لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کردووە، لە ماوەی تەمەنی ئەم زانای فەزیلەتەدا، شارەوانی هەولێر زەوی ئەم مزگەوتەی بەدەستهێناوە و لە شوێنیدا خەزنەیەکی گەورەی بۆ ئاوی خواردنەوە دروستکردووە، هەرلەناو قەڵا دوو مزگەوتی ترهەبوون بەناوەکانی (ئەسعەد ئەفەنی وئەحمەد ئەفەنی)کە مێژووی دروستکردنیان بۆساڵی

١٦٥٠ دەگەڕێتەوە،لەلایەن (مەلارسول ئەفەندی)دروستکراوە،لەدەرەوەی قەڵاش مزگەوتی دارتاشان کەبەرامبەر دەرگای خوارەوەی قەڵا دەروستکراوە و مزگەوت و تەککێی (حاج مەلا ساڵح یاکان)بە یەکێک لە کۆنترین مزگەوتەکانی قەڵای هەولێر دادەنرێت، دەکەوێتە گەڕەکی تۆپخانە لە نزیک دەروازەی باشووری قەڵاکە، لە لای چەپی شەقامەکە کە بەناو سەنتەری قەڵاکەدا تێدەپەڕێت، بەرامبەر شوێنی نیشتەجێبوون و دیوانی موحسین ئاغا، ئەم مزگەوت و تەکێکە ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا لەلایەن(شێخ ئیبراهیم دامەرجی) دروستکراوە و تا ئێستاش مزگەوتەکە لەسەر بناغەکانی وەستاوە. دوای ئەوەی دانیشتوانی قەڵاکە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویان لە بەشی خوارەوەی قەڵاکە کرد، بەشێک لە مزگەوت و تەکەکانی ناو قەڵاکە پشتگوێ خران و ڕووخێنران، (شێخ ئیبراهیم)یەکەم ئیمامی مزگەوتەکە بوو، ئیمام و ڕێنمایی بۆ کوڕەکەی، (مەلا خدر و پاشان بۆ حاج مەلا ساڵح یاکان) ئەم شێخە زانایەکی فێربوو و سۆفییەکی زاهید بووە کە لە ساڵانی پەنجاکان کۆچی دوایی کردووە و لە ژێر یەک قوبە لە گۆڕستانی گەورەی هەولێر بە خاک سپێردراوە. دوای مردنی ئیمامەکە بۆ کوڕەکەی، (مەلا محمد عەلی و پاشان بۆ مەلا شاکر)گواسترایەوە. هەروەها ئەم مزگەوتە تەککەیەکی ڕێبازی سۆفی قادرییە بوو، کە هەموو ئێوارەیەکی دووشەممە و هەینی هەموو ڕۆژێک کۆبوونەوە بۆ زیکر (زیکرکردنی خودا) ئەنجام دەدرا،مزگەوتی (حاجی داود)لەلایەن حاجی داودی حاجی (ئەحمەدی کوڕی سلێمائان غای چیمەنی) لەنزیك بازاری بەرگدروەکانەوە دروستکراوە ومزگەوتی (ئالتی بەرماغ) لەساڵی١٨٠٠ ومزگەوتی (خانەقای گەورە)لەسالی ١٨٠٥ ومزگەوتی شێخ (عەبدوڵاقوتب)یان (شێخ ئەڵا) لەناو جەرگەی بازاردا بوو، مزگەوتی شێخ (مستەفای نەقشبەندی)لەسالی ١٨١٦،مزگەوتی (دێرەبروشە) لەساڵی ١٨٤٦لەگەڕەکی عارەبان مزگەوتی (پادشا)لەلایەن (سەید محمودی کوڕی سەید محەمەدی کوری سەید ئەحمەد ڕەفاعیەوە) دروستکراوە ومزگەوتی (چۆلی)کەلەسەربریاری شێخی چۆلی لەسالی ١٨٨١ دروستکراوەومزگەوتی (حاجی عەبدولقادر محەنەد دەباغ)لەساڵی ١٨٩٠ دروستکراوە (بەرزنجی، ٢٠٠١، ٢٣-٤١).

هەولێر شارێکی پێشکەوتوبوو، گرنگیەکی زۆریان داوە بەخوێندن وخوێنەواری وئاین،ژمارەیەکی بەرچاو مزگەوتو فێرگەی ئاینی تێدابووە کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە هەریەك لەو فێرگانە مەرج وبەرپرسیاریەتی خۆی هەبوە لە وەرگرتنی قوتابی وهەڵبژاردنی بابەت وتایبەتمەندییەکانی مامۆستاو گشت پێداویستی قوتابی لەمانەوەی وجلوبەرگی وخواردنی هەموو ئەمانە لەداهاتی وەقفەکان دابیندەکرا (بەکر، ٢٠١٩، ١٠٩). ژمارەیەکی بەرچاومان لەفێرگەومەدارسی ئاینی هەیە کەڕۆڵی کاریگەریان گێرایەوە لەوانە:

١-قوتابخانەی (ئەبوبکر)کە لەلایەن ئەبوبکر ناوێك دروستکراوە.

٢-قوتابخانەی (فاتیمەخان) کە لەلایەن فاتیمەخانەوە دروستکراوە.

٣-قوتابخانەی (خانەقا) کە لەلایەن شێخ هیدایەتوڵلاوە دروستکراوە، ئەمانە گشتیان لەناو قەڵادابوون.

٤-قوتابخانەی(چولی)لەلایەن شێخ عەلی ئەفەندییەوە،

٥-قوتابخانەی(عەبدوڵڵا شادری) لەلایەن عەبدولڵا ئەفەندیەوە،

٦-قوتابخانەی (مزگەوتی ئیسحاق)لەلایەن مەلا سەعیدەوە،

٧-قوتابخانەی (حاجی ئامینە)لەلایەن حاجی ئامینەوە دروستکراوە (محمد، ٢٠٢٣، ١١١).

١. ٢. ١. ٢. کەرکووك:

کەرکووك شارێکی دێرینە،بەهاتنی ئیسلام وئاشنابوون مزگەوت دەرکەوت لەم شارەدا،مزگەوتی گەورە کە تائێستا بەشێوەیەکی گشتی باسکرابیت مزگەوتی مریەم پێیگوتراوە (نانا)، لەناوقەلا دروستکراوە، یاخود (جامع ئۆلۆ)کە لەسەر داروپەردوی کەنیسەیەکی ڕووخاودروستکراوە،مێژوی دروستکردنی بۆ سەدەی١٣ دەگەڕێتەوە(محمود و النقیب، ٢٠١٦، ١٥٠٤).

مزگەوتی(دانیال نەبی) ئەم مزگەوتە بەچاوێکی زۆر پیرۆز تەماشاکراوە لەرووی ئاینی وکۆمەلایەتیەوە جێگای پربایەخی دانیشتوانی شارەکەبووە، ئەم مزگەوتەدەگەڕیتەوە بۆ یەکێك لەعیرفانەکان کە ناوی (شێخ محمد دانیال الموصلی) کە یەکێکە لەزانای مەکتەبی فیکری شافعی مزگەوتەکە بەناوی ئەمەوە ناونرا ولەوی نێژراوە ئەمەش وایکردوە بۆتە مەزارگەیەکی پیرۆز بۆ سەردانیکەران، بەتایبەتی لەڕۆژی شەممەدا(قرداغی، ٢٠٠٤، ١١).

مزگەوتی (عەریان) لەگەرەکی ئاغالیقی قەلا دروستکراوە،میحرابەکەی بەدیزاینە ڕەنگاورەنگەکانی گوڵ وئەندازەیی جیا دەکریتەوە،دوای لابردنی هەندێك لەو دیکۆراتانە دەرکەوت کەنۆژنکراوەتەوە کەشیوەیەکی جیاوازتردەرکەوتوە ومۆتیڤی گۆلاوی لەژێرەوەدەرکەوت کەلەسەرووییەوە ئایەتیکی قورئان بەدیکراوە، منارەی مزگەوتەکە لەگچکەبەرد دروستکراوە ومزگەوتەکە دوو قوبە قەبارەی جیاوازی هەیە(الضابط، ١٩٦٤، ٧).

مزگەوتی (حەسەن پاکیز) لەسەرکەوانەی دەرگاکەی نوسرابوو لەلایەن (فەرهاد زادە حاجی حاڵ) لەساڵی ١٧٩١ نوێکراوەتەوە کە لەئیستادا داروخاوە وپاشماوەکەی ماوەتەوە (محمد، ٢٠٢٣، ٩٣).

مزگەوتی (ئەلسرائی) پارێزگاری کەرکوك بنیادی ناوە لەساڵی ١٦٤٠ز وچەند مزگەوتێکی دیکەی دروستیکردووە لەگەرەکی اخی حسین ولەئێستادا بە مزگەوتی (محمد پادشا قاییش) ناسراوە،مزگەوتی (شاە غازی)کە پارێزگارغازی شاهسوار لەساڵی ١٦٥٧ دروستیکردووە لەناوقەڵادا (اوغلو، ٢٠١٣. ١٦).

مزگەوتی(الغوثیة) لەلایەن (حاجی محەمەد غەوس ئەفەندی موفتی زادە)لەسالی ١٧٥٩ دروستکراوە،مزگەوتی (حاجی ئەحمەد کەحاجی ئەحمەد) لەساڵی ١٨٠٨ دروستیکردووە ولەلایەن (مستەفا ئاغاوە) نوێ کراوەتەوە،مزگەوتی (خضر اغاکەحاجی خزر)لەساڵی ١٨٥٩ دروستیکردووە ولەئێستادا بەمزگەوتی(مەلا عابد) ناسراوە.(عثمان، ٢٠١٨، ٢٥).

مزگەوتی (سەید محەمەد نەجیب الریفاعی)لەساڵی ١٨٩٧ دروستکراوە دوودەرگای هەیە.

مزگەوتی (شازادە محەمەد عەلی پادشا) لەساڵی ١٨٥٥ دروستکراوە ومزگەوتی (مەلاقاوون)لەساڵی ١٨٧٦ دروستکراوە(ساعاتچی،٢٠٠٨، ١٧١).

شاری کەرکوك لەمێژەوە شاری ڕۆشنبیری، مەڵبەندی شارستانیەت بوە،گرنگی زۆری بەخویندن و زانست وزانیاری داوە،لەم شارەدا چەندەها فێرگەوقوتابخانەی ئاینی هەبوە لەوانە:

١-قوتابخانەی ئاینی قەلای کەرکوك

٢-قوتابخانەی سەرا لەساڵی ١٨٣٧ دروستکراوە

٣-قوتابخانەی والی لەسەردەمی والی پادشا غازی شاسوار دروستکراوە
٤-لەسەردەمی والی محەمەدپادشا قایش لەساڵی ١٦٣٩ لەگەڕەکی خانەقا قوتابخانەی ئاینی کراوەتەوە
٥-قوتابخانەی ئەحمەد پادشا ئەیوبی لەساڵی ١٧١٥ دامەزراوە
٦-قوتابخانەی غوسیە لەساڵی ١٧٥٩ دامەزراوە
٧-قوتابخانەی مەیدان لەساڵی ١٧٧٩دامەزراوە
٨-قوتابخانەی حاجی ئەحمەد لەساڵی ١٨٠٧ دامەزراوە
٩-قوتابخانەی موسلیم لەساڵی ١٨٤٠ دامەزراوە
١٠-قۆرییە لە لەساڵی ١٨٥٨ دامەزراوە
١١-توقاتلی لە لەساڵی ١٨٨١ (محمد، ٢٠٢٣، ١١٢).

١. ٢. ١. ٣. سلێمانی:

یەکێک لە جوانیەکانی شاری سلێمانی کە جێگەی فەخرە بوونی ئەم مزگەوت و کەسایەتیە خێرخوازانەیە کە هەستاون بە دروستکردنی ماڵی خودا، کە خەڵکی هەموو سودی لێ بینیوە جگە ئەوەی کە شوێنی پەرستنە لە کاتی پرسەشدا بارگرانیەک لەسەر شانیان لادەچێت کە خەڵکێکی زۆر رووی تێدەکات و هەرگیز لە ماڵدا ئەو قەرەباڵغییە جێگەی نابێتەوە، سەرەرایی بوونی بەمەڵبەندی کۆکردنەوەی زانایان بۆ فێربوون ی زانست،سەرەڕایی ئەوە زۆربەی ئەم مزگەوتانە حوجرەیان تێدا بووە و منداڵی گەڕەک لە پشووی هاویندا ناویان تۆمارکردووە و فێری خوێندەواری ئەدابی جوان و سنورە شەرعیەکان کراون، نمونەی شاعیرە هەرە گەورەکانی کورد وەک نالی و مەحوی و مەولەوی پەروەردەیی و بەرهەمی حوجرەبوون.(ڕەشە:ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی،١٩٨٧، ل١١١)
لێرەدا بۆ زیاتر روونکردنەوە لەم باسانە دەدوێین: دامەزرینەری مزگەوتەکە، ناوبانگی مزگەوتەکە، دابەشکردنی مزگەوتەکان بەسەر گەڕەکەکاندا، ناوی ئیمام وخەتیب ومودەریسەکانی مزگەوتەکان.

**مزگەوتەکانی گەڕەکی مەڵکەندی**

**مزگەوتی مەلکەندی:**

مزگەوتی تەکیەی وسو پاشا (مزگەوتی مەڵکەندی) ١٧٧٢: مزگەوتی مەڵکەندی بەتەکیەی(وسو پاشا)ناسراوە ، پێش شاری سلێمانی دروستکراوە لەلایەن خەڵکی گوندی مەڵکەندییەوە، لە مامۆستاکانی(حاجی مەلا ئەحمەدی نودشێیە) ناودەبرێ، مامۆستای ئەم مزگەوتە لەکاتی دروستکرانی سلێمانیدا زانای گەورە (مەولانا ئیبراهیم) بووە،لەسەردەمی (ئەحمەد پاشادا)بڕیاری ئەوە دەرکرا مەلا (عبدلرەحمانی نۆدشەیی)ببیتە مامۆستای مزگەوتە دوای ئەویش (حاجی مەلا ئەحمەدی کوڕی)، باوك وکوڕ موفتی سلێمانی بوون. (قزڵجی،٢٠١٣، ٥١).

**ئیمام و مودەریسەکان:**

مەولانا ئیبراهیم لەکاتی دروستکردنی سلێمانی، مەلا عەبدول رحمانی نۆتشێ (موفتی سلێمانی)زەمانی ئەحمەد پادشا

حاجی مەلا ئەحمەد ی کوری مەلا عبدالرحمن نوتشێ موفتی سلێمانی دوای باوکی، شێخ حمە مارف،مەلا موحەمەدی کۆستەیی شەل(ساڵحی ڕەشە، ١٩٨٧، ١١٤).

**مزگەوتی سەید ئەحمەدی نەقیب ١٧٧٨:** دروستکەرەکەی سەید ئەحمەدی میرە سووری نەقیبە. (صابر، ٢٠١٦، ٧٢).

ئیمام ومودەریسەکان:

سەید ئەحمەد نەقیب، مەلا موجەممەدی رەش، مەلاشێخ عەزیزی سابلاخی، سەیید عارف ئەبوبکر (ساڵحی ڕەشە، ١٩٨٧، ١١٤).

**مزگەوتی حاجی ئەحان (حاجی حان) ١٧٨٤**

حاجی ئەحمەد (ئەحان) لە قەڵاچوالانەوە هاتۆتە سلێمانی. شاعیر بووە و لە شیعردا نازناوی (شەوقی) بووە و ئەم مزگەوتەی دروستکردووە،مامۆستاکانی ئەو خویندنگایە مەلا ڕسوڵ ناسراوە بەپلاوخۆر لەکۆتایی سەدەی ١٣ کۆچیدا مردوە(قزلجی، ٢٠١٣، ٥١).

ئیمام ومودەریسەکانی:

شێخ ڕەسووڵی شێخ موحەمەد ناوبانگ بوو بەپلاوخۆر، شێخ عەلی وشێخ ئەحمەد کوڕانی شێخ ڕسوڵ، شێخ مستەفاو شێخ مارف کوڕانی شێخ ئەحمەدی شێخ ڕەسول، شێخ لەتیفی کوڕی شێخ عەلی، مەلا عەبدول کەریمی مودەریس (ڕەشە:ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی،١٩٨٧، ل١١٤)

**مزگەوتی شێخەلی ١٨٣٨**

پێشتر بەناوبانگ بووە بە مزگەوتی مەلا ئەمینی مام ڕۆستەم (کەوتوتە پشت بانقی رەشید)ەوە. دروستکەری مزگەوتەکە (حاجی ئەوڵای حەمە کەرکوکلیزادەیە.) (صابر، ٢٠١٦، ٧٢).

ئیمام ومودەریسەکانی:

مەلا مەحمودی کۆکۆیی، مەلا ئەمینی مام ڕۆستەم، شێخ عەلی شێخ محمد بە(شێخەلی پەڕۆ)بەناوبانگ بووە، مەلاعەبدوڵلا(ساڵحی ڕەشە، ١٩٨٧، ١١٥).

**مزگەوتی بن تەبەقی هەرمنی ١٩٠٧**

دروستکەری مزگەوتەکە سلێمان پاشایە. کارێزێکی لەناودا بووە کە بە پلیکانە ئەچوویتە خوارەوە، ئێستاش ماوە،لەلایەن سلێمان پادشا دروستکراوە، و مزگەوتی نەقیب بەتەنیشت بینای حکومەتەوە(سەرا) دروستکراوە(صابر، ٢٠١٦،٧٢).

ئیمام ومودەریسەکان:

حاجی مەلا ئەحمەدی هەرمنی، حاجی مەلا صاڵحی کوڕی، مەلا فیح الله پاوەیی (ڕەشە:ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی،١٩٨٧، ل١١٥)

**مزگەوتەکانی گەرەکی گۆیژە**

**مزگەوتی شێخ بابا عەلی ١٧٧٤**

له پێشدا بەناوبانگ بووە بە مزگەوتی (عەبدولڕەحمان شێخ ئەبو بەکر)دروستکەری ئەوڕەحمان پاشای بابان بووە لە مامۆستاکانی مەولانا ئیبراهیمی بیارەیی و مامۆستا عەلی بەرزنجی قازی سلێمانی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی بوون، دوای خۆیی دەرس وتنەوە بەمەولاناخالید دەسپیریت،دوای ئەویش فەیزی زەهاوی موفتی بەغداد دەبێتە مامۆستا لەو مزگەوتە، پاشان دەڕوات بۆ سنە لای مامۆستا محەمەد قەسیم سنەیی وانە دەخوێنیت،دواتربۆسابلاخ لی مامۆستا ئیمام محەمەد ڕەسوڵ بەردەوام دەبیت هەتا خوێندن تەواو دەکات ئیجازەی علیمی وەردەگرێت،هەروەها لای مەلا ساڵحی تەرەماری ومەلا ئیسماعیل وصیبغەتولای حەیدەریش ئیجازە وەردەگرێت،ئەوەندەبەتوانایە دەکریتە موفتی لە بەغداد، زۆر بەتوانابووە لەفوتابیەکانی زانای گەورە شێخ عەبدولقادری شێخ ئەڵمارێنی، کەمامۆستای خوێندنگەی السلیمانیه لەبەغداد بوە هەروەها زانا مەلا حسێن پشدەری وزاناشێخ عەبدولڕەحمان قەرەداغی وچەندانی تر(قزڵجی، ٢٠١٣، ٥٤).

ئیمام و مودەریسەکانی:

سەید عەبدول کەریمی سەیید عەلی بەرزنجی کەبەشێخ عەبدول کەریمی کاسەوکەوچك ناوبانگی دەرکردوە، مەولانا خالید نەقشبەندی، موحەمەدفەیزی زەهاوی موفتی بەغداد، شێخ عەبدول ڕەحمانی شێخ ئەبوبکر، شێخ بابا عەلی، شێخ نووری شێخ باباعەلی(ڕەشە:ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی،١٩٨٧، ل١١٧)

**مزگەوتی شێخ ئەمینی خاڵ ١٧٩٠**

دروستکەری(مەلا مستەفا کوڕی مەلا شەمسەدینی کوڕی مەلا عوسمانە)و لەکاتی گواستنەوەی قەڵاچوالان بۆ سلێمانی بە داروپەردووی مزگەوتەکەی قەڵاچوالان ئەم مزگەوتە دروستکراوە وبەمزگەوتی قازی ناسراوە،لەسەردەمی ئیبراهیم پادشا داروبەردی مزگەوتەکەی ئەویان هێناوە لەم مزگەوتە بەکاریانهێناوە

ئیمام ومودەریسەکانی:

مەلا مستەفای کوری مەلا شەمسەدینی کوری مەلا عوسمانە، مەلا ئیسماعیل کوڕی مەلا مستەفا کوری مەلا شەمسەدین، شێخ موحەمەدی خاڵ کوڕی مەلا ئیسماعیل، حاجی شێخ ئەمینی خاڵ، شێخ موحەمەدی خاڵ کوری شێخ عەلی کوڕی حاجی شێخ ئەمین.

کە شێخ موحەمەدی خاڵ بوو بەقازی چەند مەلای تربوون بەئیمام وەك مەلا مستەفا (ساڵحی ڕەشە، ١٩٨٧، ١١٦).

**مزگەوتی شێخ موحەمەدی بەرزنجی ١٨٠٠**

لە گەڕەکی سابوونکەرانە، دروستکەرەکەی(سەید عەزیز جۆڵا) و ئەهلی گەڕەکە. (صابر، ٢٠١٦، ٧٢). دامەزرینەری حسێنی عەزیزی جۆڵا بناغەکەی کردوە ئینجا ئەهلی گەرەك تەواویانکرد (قزڵجی، ٢٠١٣، ٥٤).

ئیمام ومودەریسەکانی:

شێخ موحەمەدی بەرزنجی، سەیید عەلی کوری شێخ موحەمەدی بەرزنجی، شێخ نەجمەدینی شێخ شەمسەدین(ڕەشە:ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی،١٩٨٧، ل١١٦)

**مزگەوتی سەید حەسەن ١٧٩٧**

مزگەوتی سەید حەسەن (مزگەوتی عەبدولڕەحمان پاشای بابان): دروستکەرەکەی (ئەوڕەحمان)پاشایە کە خۆی مامۆستای مزگەوتەکە بووە، نالی شاعیر لەم مزگەوتەدا ژووری هەبووە. (صابر: هەردی،٢٠١٦، ل٧٣)

ئیمام ومودەریسەکانی:

مەلا عەبدوللای ڕەش، شێخ موستەفای موفتی کوری بابا ڕەسوڵ، سەید موحەمەدی کوری شێخ عەلی بابا ڕسوڵ، سەید حەسەن کوری شێخ عەلی بابا رەسوڵ، حاجی مەلا مستەفای کوردی، سەیدغەفور (ساڵحی ڕەشە، ١٩٨٧، ١١٧).

### مزگەوتی شێخ موحەمەدی ئاڵەکی

مزگەوتی شێخ محەمەدی ئەڵەکی (ناوبازاڕ): دروستکەرەکەی (عەزیز ئاغای مەسرەف)بووە لە زەمانی ئەحمەد پاشای بابامدا مەسرەفکەری پاشا بووە.

ئیمام ومودەریسەکانی:

شێخ موحەمەدی ئاڵەکی، مەلاعارفی ئەمینی جەفار، مەلا عارفی ئەمینی وەسمان، مەلا غەفوری چەقز.

### مزگەوتی هەمزاغا ١٨٤٥

دروستکەری باپیری پیرەمێردی شاعیر بووە و نزیک ماڵ و چایخانەکەی پیرەمێرد بووە لە سابونکەران. (قزڵجی، ٢٠١٣، ٥٤).

ئیمام ومودەریسەکانی:

مەلا ئەحمەد صائب، ڕەئوف صائیبی کوری مەلا ئەحمە، مەلا مەعروف وەهبی باوکی ڕەمزی شاعیرە، مەلا عەبدول ڕەحیمی عەزیزی.

### مزگەوتی تەکیەی ڕووتە ١٨٨١

لە گۆیژە بەناوبانگە:دامەزرێنەرەکەی شێخ عەلی تاڵەبانیە.

ئیمامو مودەریسەکانی:

شێخ عەلی تاڵەبانی، شێخ نووری شێخ بابا عەلی(ساڵحی ڕەشە، ١٩٨٧، ١١٧).

### مزگەوتی شێخ جلال قەرەداخی ١٨٨٩

دروستکەرەکەی حاجی عەزیزی خەیات بووە. ناسراوەبەقەزازەکان

ئیمام و مودەریسەکانی:

شێخ جەلال قەرەداخی، شێخ موحەمەدی کوڕی شێخ جەلالی قەرەداخی.

### مزگەوتی موفتی ١٨١٠

دروستکەرەکەی (مەلا مەحمودی پیر حەسەنی باوکی مەلا ئەحمەدی چاومار بووە) (قزڵجی، ٢٠١٣، ٥٤). لەم مزگەوتەدا کتێبخانەیەکی قەشەنگ و ڕێک و پێک هەبووە دەوڵەمەند کراوە بە چەندەها کتێبی نایاب و بە نرخ، کە ئینگلیزەکا سلێمانیا ن بۆردومانکرد یەکەم بۆمبا کە خرایە

خوارەوە بەر ئەم کتێبخانەیە کەوت و ئاگری تێ بەردا و کۆششی سەدان ساڵی کردە خۆڵەمێش. ئێستا شوێنەکەی بۆتە قەیسەری (کەوتۆتە پشتی ئوتێل شیرین لە جادەی کاوە).

ئیمامو مودەریسەکانی:

مەلا ئەحمەد چاومار، حاجی مەلا موحەمەد ئەمینی کوڕی موفتی، عەبدول عەزیزی موفتی، مەلا مەحمود(ساڵحی ڕەشە، ١٩٨٧، ١١٨).

**مزگەوتەکانی گەڕەکی دەرگەزێن:**

**مزگەوتی شێخ عبدالله هەولێری ١٨٠٦**

(سەید عبد القادر بەرزنجی)دروستیکردوە بەمزگەوتی دوودەرگا ناسراوە

ئیمام ومودەرسەکانی:

مەلا موحەمەد، شێخ ئیسماعیل، شێخ ئەوڵای هەولێر، مەلا محەمەدئەمینی بالیکدەری، حاجی مەلا ئیسماعیل، حاجی مەلا عینایەت.

**مزگەوتی خانەقای مەولاناخالید ١٨١٥**

دروستکەری(مەحمودی پاشای عەبدولڕەحمان پاشا)بووە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی ئیمام و خەتیبی ئەم مزگەوتە بووە(قزڵجی، ٢٠١٣، ٥٥).

ئیمام ومودەرسەکانی:

مەولاناخالید نەقشبەندی، شێخ مارف، مەلا موسی، شێخ مومەری قەرەداغی، مەلا عەبدولای چروستانی، مەلا مستەفا حاجی مەلا رەسول یەکەم خەتیبی خانەقابوو (صابر، ٢٠١٦، ٣٥).

**مزگەوتی حاجی مەلا رەسوڵ دیلێژەی ١٨٢٦**

دروستکەری باش چاوش باپیری (حەمە پاشای ئەوڕەحمان ئاغایە)ئەم مزگەوتە بەر جادە کەوتووە و شوێنەکەی فولکەی نالییە.

مودەریسەکانی:

حاجی مەلا رەسەڵ، مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسول کەشاعیرونوسەربوە،.

**مزگەوتی تەکیەی شێخ مارف ١٨٤٥**

حاجی بەگ دروستیکردووە لەساڵی ١٩٨٠ بەرجادەکەوت و روخێنرا.

مودەریسەکانی:

شێخ مارف، شێخ سەعیدی شێخ مارف، شێخ رووف شێخ سەعیدی شێخ مارف(ساڵحی ڕەشە، ١٩٨٧، ١٢٠).

**مزگەوتی شێخ ئەمینی قەرەداخی ١٨٩٠**

دروستکەری میری بابانەکان بووە، بەناوبانگ بووە بە مزگەوتی شێخ مارفی قەرەداغی. وەختی خۆی خانەقای نەقشبەندییەکان بووە(صابر، ٢٠١٦، ٧٥).

مودەرس وئیمامەکانی:

شێخ مارف شێخ هومەركوری شێخ عەبدول لەتیفی گەورە، شێخ عەبدول رەحمانی كوری شێخ مارف، شێخ ئەمینی قەرەداخی برای شێخ عەبدولرەحمان، شێخ مارف شێخ ئەمینی قەرەداغ، شێخ مستەفا شێخ مارف قەرەداخی.

**مزگەوتی شێخ عبدالرحمن عازەبانی١٩٠٢**

مەحمود پادشای بابان دروستیكردووە بەمزگەوتی هەلاجەكان ناسراوە

مودەریسەكانی:

حاجی مەلا رەسول، مەلا موحەمەد سالح كوری حاجی مەلا رەسول، شێخ عەبدول ڕەحمانی عازەبانی، سەید ئەحمەدشێخ عەبدول ڕەحمانی عازەبانی.

**مزگەوتی مەلا عبدالرحمن رسول ئاغا**

مەلا عەبدالرحن رەسوڵ ئاغا دروستیكردوە، بەناوی مامۆستاكەیەوە بەناوبانگە مەلاعەلی نیزامی بەناوبانگە.

مودەریسەكانی:

حاجی مەلا رەسول، مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسول.

**مزگەوتی شێخ لەتیف ١٨٧٥**

شێخ عبدالكریمی شێخ قادری سنەیی كردویەتی هەربەناوی ئەوە ناوبانگی دەركردوە(قزڵجی، ٢٠١٣، ٥٤).

مودەریسەكانی:

شێخ عەبدول كەریمی شێخ قادری سنەیی، شێخ لەتیفی شێخ عەبدول كەریم سنەیی، حاجی مەلا جەلالی مەلاحەسەن(ساڵحی ڕەشە، ١٩٨٧، ١٢٠).

**گەڕەكی سەرشەقام:**

**مزگەوتی شێخ یوسف:** دروستكەری شێخ یوسف بووە،لەساڵی ١٧٩٨ هەربەوش ناوبانگی دەركردوە.

**مزگەوتی حاجی مەلا عەزیز لەساڵی ١٨٠٠:** حاجی مەحمورەش دروستیكردووە كەلەپێشدابەناوبانگ بوە بەمزگەوتی مەلا حەمە ئەمینی بالیكەدەری ئێستاش بەمزگەوتی مەلا عەزیز بەناوبانگە.

**مزگەوتی مەلا غەفور لەساڵی ١٨٢٠:** میری بابان دروستیانكردوە

**مزگەوتی خانەقای حاجی مە عەلی لەساڵی ١٨٤٠:** حاجی رەسوڵ حەمە ئاغای گورون دروستی كردوە

**مزگەوتی مەلا حسێنی پیسكەندی لەساڵی ١٨٩٩:** نەزانراوەكی دروستیكردووە.(قزڵجی، ٢٠١٣، ٥٤).

**مزگەوتی شێخ حسێنی قازی لەساڵی ١٩٠٠:** حاجی مەلا عبدالرحمن كانی كەوەیی دروستیكردووە

**مزگەوتی قامیشی خواروو لەساڵی ١٩٠٩:** حاجی ڕەسول ئاغا دروستیكردووە

**مزگەوتی شێخ هەباس لەساڵی ١٩٥٥:** لەشوێنی كەنیسەی جولەكەكان دروستكراوە ڕەشە:ئەكرەمی مەحمودی ساڵحی،١٩٨٧، ل١٢٢)

**گەڕەکی چوارباخ:**

**مزگەوتی خانەقای مەحوی لەساڵی (١٨٢٠ ١٨٢٥):** ئیبراهیم پادشا دروستیکردووە دواتر بە مزگەوتی مەلا عوسمانی باڵخی ناسراوە

**مزگەوتی شێخ سەلام لەساڵی** ١٨٨٢: بەسەرپەرشتی شێخ قادری گەورە باوکی شێخ سەلام ی قازی سلێمانی دروستکراوە

**مزگەوتی عبدالرحمن بەگ لەساڵی ١٩١٠:**حاجی عبدالرحمن بەگ دروستیکردووە بەمزگەوتی خومەکە ناسراوە

**مزگەوتی شێخ مەحمودی قەرەچێوار لەساڵی ١٩٣٩:**شێخ مەحمودی قەرەچێوار دروستیکردووە بەمزگەوتی شێخ مەحمود ناسراوە

**مزگەوتی حاجی عەلی ئاغا لەساڵی ١٩٤٦:** عبداللە لووتفی دروستیکردووە بەلام زیاتر بەمزگەوتی لوتفی زانراوە

**گەڕەکی کانێسکان:**

**مزگەوتی گەورە لەساڵی(١٧٨٤):**

ئیبراهیم پادشا دروستیکردووە،لەگەل کردنەوەی کتێبخانەی غەزەیە لەناو مزگەوتەکە،کەڕۆڵی گەورەی هەبوە لەفێربوونی زانستەشەرعیەکان وهەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی عەقیدەی زانستی، فێربوونی قورئان وفەرمودەکانی پێغەمبەروکۆکردنەوموتێکەڵکردنی فێرگەزانستە شەرعیەکان لەیەك شوێندا(الهورامانی، ٢٠٢١،٣٥). بونی کتێبخانەیەکی گەورە هەرلەناو مزگەوتی گەورەداکە پڕبوەلەکتێبی جۆراوجۆر، دەستنوسی زۆر بەزمانی عەرەبی وفارسی تورکی،زیاتر لە ٦٠٠٠ هەزار موجەلدی تێدابووە کەنرخ وبەهای زۆری هەبوە چونکە میرەکانی ئەوکاتە زۆر گرنگیان بەزانست دەداو پارەی زۆریان تەرخان دەکرد بۆ کرینی کتیب وهێنانی زانا لەئەسفەهان ئەمەش وایکرد ببێتە مەڵبەندیك بۆ توێژینەوەی زانست وشەرع بەداخەوە بەهۆی ناکۆکی سیاسی لەوکاتەدا زۆربەی دەستنوسەکان سوتێندران وبڕێکی کەمیان توانراوە ڕزگار بکرێت لە لایەن شێخ محمەدی خاڵ (بابان، ٢٠١٢، ١٤٤).

**مزگەوتی کانێسکان لەساڵی ١٨٢٧:**عبداڵلەی پادشای بابان دروستیکردووە

**مزگەوتی بن تەبەقی بچکۆلە لەساڵی ١٨٣٧:** خدرئاغا دروستیکردووە

**مزگەوتی قامیشان** لەساڵی ١٨٥٤ عبداڵلەی پادشای بابان دروستیکردووە

**مزگەوتی شێخ مستەفای نەقیب** لەساڵی ١٩٠٢ هەر ئەو دروستیکردووە

**مزگەوتی حاجی عەلی بەگ** لەساڵی ١٩٥٣ هەرئەودروستیکردووە(صابر، ٢٠١٦، ٧٧).

شاری ڕۆشنبیری و هزر، دامەزرێنەری بیرو وشیاری میرەکان گرنگی زۆریان بە فراوانبونی شارەنویکەیان دەدا وتەنانەتن هەوڵیان داوە زۆر گەشەی پێ بدەن بۆیە بیریان لەکتێبخانەیەکی گەورەی پردەستنوس کردوە لەخوێندنگەی مزگەوتی گەورەیی قەلاچۆلان کتێبخانەی باش هەبوو،کەجێدەستی دەیان مامۆستاو زانای کوردی پێوەدیاربوو کەلەوێ خەریکی گەشەپێدانی زانست وزانیاری وخزمەت کردن بوون لەوانە وەکو مامۆستا محەمەدی وەسیمی،مەلا برایمی بەرزنجەی دوای بیرکردنەوەفراوانبوون دامەزراندی شاری نوێ وگواستنەوەی بۆ شاری سلێمانی شێخ مارفی نودێ وەکو ئەمینداروپاریزەری کتێبخانەکەو

مامۆستاڕاپەراندنی ئەرکەکانی ناوکتێبخانە جێگیر کرا(الخال، ١٩٦١، ١٢)، خانەقای مەولاناخالیدی نەقشبەندی و وفێرگەومزگەوتی عبدولڕەحمان پادشا وخوێندنگای مزگەوتی موفتی،(محمد، ٢٠٢٣، ١١٠).

فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە کە یەکەم میری بابانە خۆی پەروەردەی فێرگەوحوجرەکانە،یەکەم فێرگە ی ئاینی لە مەرگە کردۆتەوە کە مەڵبەندی یەکەمی میرەکانی بابان بوە دوای مردنی (فەقێ ئەحمەد بابا سلێمان) بۆتە جینشین ومیرنشینەکەی گواستەوە بۆ دارەشمانەو بەشێکی بۆ ماوەت کە(مەلا موسای ماوەتی) لەو مەدرەسەیە مامۆستا بوە بەلام زیاتر بایەخی دا بەفێرگەی مەرگە وچەندین زاناومامۆستای تێدا جۆشکراوەلەوانە (مەلا ئیبراهیمی کوری مەولانا ئەحمەدی ئالانی) ئەم فیرگەیە تاوەکو ناوەراستی چاخی بیستەم بەردەوام بوو دواتر بەرەو فەوتان چوو،،هەرلەو سەردەمەدا چەندەها مەدارس وفێرگەی تر هەن وەکو مەروێ ی ئالان،بێتوش، کەنارۆ، رەشەکانی، شابادین،مۆکەبە گەڵاڵە،شینکایەتی سەرگەڵو،دێلێژە، خاوێ،تەکیەو بیارە،تەوێڵە، ئەوەمان بیرنەچێت لەشاری شاران ورۆشنبیری کتێبخانەیەکی تری گەورە هەبوو لە فیرگەومەدرەسەی موفتی کە هەمیشە جمەی هاتوە لەزانی بەرزوفەقێی لێهاتوو ومەلای دوانزە عیلم لەمێژوی ئەم مەدرەسەیەدا کتێبخانەیەکی پرگەوهەربەزانست وزانیاری هەبوە مەخابن بەدەستی رەشی ئنگلیزەکان بۆمبارانکراوە لەسەردەمی (ملاعزیز موفتی) هەرچەندە مەلا ویستویەتی هەندیکی لێ رزگاربکات دەبیاتە وێلەدەربەلام دەستی رەش لەویش وازناهێنن کتیبەکان دەسوتینن(نظامی، ٢٠٢١، ٣٠-٣٣).

**١. ٢. ١. ٤. کۆیە:**

شاریکی دڵگیر شاری حاجی قادرو مەلای گەورە،خاوەنی فەرهەنگی جوان، هەتا چەند ساڵێك بەرلە سەدەی بیست لەهەموو وڵاتەئیسلامیەکان بەکوردستانیشەوە،مزگەوت تاکەسەرچاوەی خویندەواری ورۆشنبیری بوو،زانایان وشاعیران ونوسەران وسەرکردەکانی شۆرشی کوردستان لەحوجرەو مزگەوتەکانەوە گۆشکراون (عەلیاوەیی:مەلا محەمەد،٢٠٠٣، ل١)،تاکەسەرچاوەی ڕۆشنبیری وخوێندەواری وبەردی بناغەی خوداناسی وعیرفانی وئەدەبی کوردی ومەدرەسی شۆڕشگێرانە لەچوارچێوەی حوجرەکانەوە سەری هەڵداوە (زمزیرانی، ١٣٨٢، ١٣).

مەسعود مەحەمەد ناونیشانی خوێندن وخوێندەواری لەکوردستان چەند چەرخیك لەمەوبەر بەسەر سێ توێژدا دابەش دەکات (مەلاکان، شێخەکان وشاعیران)کەهەرسێکیان لەمزگەوت خویندوویانە خویندن لەپێش هەموو ئامانجێکدا پێگەیاندنی مەلاوزاناکان بووە، زۆرێك لەشێخەکانی تەریقەتیش زانستی مزگەوتیان خوێندوە،زۆریك لەشاعیرەکانیش مەلابوون،دوایی بەناوبانگبونیان شاعیری بەسەر مەلایەتیان زاڵبوە (محەمەد، ٢٠٠١، ١٧٧-١٨٠).

شاری کۆیەش ژمارەیەك مزگەوتی بەرچاو لەخۆی دەگرێت لەوانە مزگەوتی بایزئاغا لەساڵی ١٦٠٦،مزگەوتی منارە لەساڵی ١٦٣٦ز،مزگەوتی مەلا جامی لەساڵی ١٧٥٠٨،مزگەوتی موفتی لەساڵی ١٧٦٢،مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد لەساڵی ١٧٩٦ لەساڵی،مزگەوتی کۆنی جومعە ومزگەوتی گەرموك،مزگەوتی قامیش،مزگەوتی خادم ئەلسوجادە،مزگەوتی گەورە لەساڵی ١٨٤٤ کە مەلا بەکر ئاغا حەوێزی کردویەتی، مزگەوتی


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

مەحموددئاغا، مزگەوتی پەلك فەقێ جەرجیس دارۆغە دروستیکردووە،مزگەوتی ڕەشە١٨٩٩(موکریانی، ١٩٨٩، ٤٣). حەتك لەساڵی ١٨٩٩ (شارەزا، ٢٠٠٩، ٣٩٣).

فێرگەو مەدرەسە ئاینیەکان مەڵبەندی خوێندەواران بوون، زۆربەی خوێندەوارانی وزانایان وڕۆشتبرانی کۆیە لەوێوە پێگەیشتون ومەلاو میرزای بەناوبانگی تێدا هەلکەوتوە، زاناوزمانزانبوون وجگەلەزمانی کوردی زمانی تورکی وفارسی وعەرەبیان زانیوەکەئەمەش نیشانەیە بۆ پێشکەوتن هەروەکو چۆن مارف خەزنەدار جەختی لەوبابەتە کردۆتەوە(خەزنەدار ،٢٠٠٤، ٢٧).

**١. ٢. ١. ٥. ناوچەکانی حەوزی زاب و بادینان و دیاربەکر:**

دروستبونی فێرگەئاینیەکان ومزگەوتەکان ودەرکەوتنیان دەگەڕیتەوە بۆ هاتنی وبڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام کاتیك عومەری کوری خەتاب فەرمان بە سەرلەشکرەکەی سەعد بن ئەبی وەقاص کەسوپا بۆ ناوچەکانی جەزیرەو شارەکانی دەوروبەری،حەڕان،نوسیەیبین وراس العین بنێرێت داگیربکات وئاینی ئیسلام بڵاوبکانەوە،دەوروبەری ڕوباری دیجلە موسڵ،ڕەقە وئەلرها ومەیافەریقین، قرقیسیا وماردین.......هتد(البلاذري، ١٩٨٨، ١٧٣-١٧٨٩).

لەو ڕۆژەوە لەزاب گرنگی وبایەخدان بەمزگەوت دەرکەوت،قوتابخانەو مزگەوتەکۆنەکانی ئەم ناوچەیە کەلەلایەن شازادە (زاهیدە خاتوون) لەساڵی ١٣٢٨ دروستکراوە،لەلایەن شازادە(سەید خان)لەساڵی ١٦١٩ نوذنکراوەتەوە، دواتر بەقوتابخانەی (نوێ) ناسرا(رووف، ٢٠٠٨، ١١٦)، پاشان ناوەکەی گۆڕا بە قوتابخانەی (مەلا یەحیا)،هەروەها قوتابخانەی (قوبەهان)کە هەردوکیان لە قەلای ئامیدیە وقوتابخانەی مرادخان، قوتابخانەی(نەهری) یان شێخ نەهری لە گوندی نەهری کە سەربە شاری شمندیلی، قوتابخانەی (میدان) لەهەکاری سەربەمەڵبەندی چولەمیگ وقوتابخانەی (خرخر)ی بەدیع زەمان سەعیدی نەورەسی لەناوچەی وان،لەناوچەی بادینان چەندەها فێرگەومزگەوت هەن لەوانە لەگوندی بروشکی وقوتابخانەی (بامرنی) قوتابخانەی (ئسبندار)،فێرگەی مایە،هەروەها لەدهۆك وزاخۆ عەقرە چەندەها خوێندنگاو فێرگەی لێبوە.(العزاوی، ١٩٩٨، ٩٢-٩٣).

قوتابخانەی (ئیمام قاسم) کەلە لایەن (ئەمیر غیاث الدین قاسم بن بها الدین)لەساڵی ١٣٨٢ دروستکراوە، هەروەها قوتابخانەی مرادخان وقوتابخانەی مەیدان ومزگەوتی گەورە لە ئامیدی ومزگەوتی مایی لەگەل قمزگەوت وفێرگەی ئاینی شرانش لەناوچەی سندی لەزاخۆ، قوتایخانەی ئاینی بریفکان،مزگەوت وفێرگەی ئاینی ئاکرێ(سعدی، ٢٠٢٣، ٢٣٥-٢٣٧).

مزگەوتی دیاربەکر هەریەك مامۆستای تایبەتی خۆی ودوو فێرگەی هەیە گرنترینیان مزگەوتی گەورەوفێرگەی (مرجانییە)یە کەلەناو مەلاکاندا پلەی تایبەتیخۆی هەبوە لە هەشتا لاوە دەرسی عیلم دەوترایەوە وفێرگەی تایبەتی بۆ هەموو عیلمەکان تێدایە بەتایبەتی بۆ عیلمی بەلاغەو بەیان،سەرەرای ئەوە گەورەترین نامەخانەلەدیاربکرابووە ژمارەیەك کتێب ودەستنوسی تێدابوو لەیەك ملێون تێ پەریوە،هەروەها مەدرەسەی ڕۆمی بۆ پێگەیاندنی سۆفی وپەروەردەی روحی تێدابوە، نمونەیەکی تر مەدرەسەی تورجان(بەدارالعلم)ناوبانگی دەرکردوە کەپاش مەلا عەلی کورە گەورەکەی مەلا محەمەد حسن سەرپەرشتی کردووە، مەلا عەلی

قزلجی تورجانی چل سال خزمەتی کردوه وبەهەزاران نەوەی کوردی بەزانت جۆشکردوە. (نظامی، ٢٠٢١، ٢٧).

هەندێك فێرگەی ترمان هەن کە کەم ناویان هاتوە بۆنموونە فێرگەو مەدرەسەی (گەلاڵە)کە زانا ومامۆستای مەلا محەمەد ڕەئیس ناسراو بە مامۆستا گەلاڵە وانەی تێدا وتوتەوە کەچەندەها نەوەی پێگەیاندوە لەوانە مەلا عبداللە گەنوی، مەلا عەلی دولکانی،مەلا احمد لۆتەری، مەلا عبداللە سعید موکریانی ومەلا خدر سێسیری،مەلا محمد عەعظمی ،مەلا محمد واوی ،مەلا عبداللای گەلالە.....هتد(گەلاڵەیی، ٢٠١٩، ١٠٨-١١٠).

**١. ٢. ١. ٦. مزگەوتەکانی قەرداخ**

ناوچەی قەرەداغ کە مەڵبەندی وەلی عەهدی بابانیەکانە هەرلەدێر زەمانەوە جێگای پەخشی عیلم بووە،کۆنترین فێرگەی ئاینی لەگوندی تەکیەی قەرەداغ بووە،شێخ نوری دەڵێت شێخ احمد کوری شێخ رسوڵ کوری شێخ یویف کەبۆ ماوەی پەنجا ساڵ ئیمامی مەججانی مزگەوتی تەکیە بووە، یەکێکی تر لە کوڕانی شێخ احمد ئیمام شێخ مستەفا بوە کە خەتاتیکی زۆر بەناوبانگ بوە وئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە بۆ ماوەی بیست ساڵ خزمەتی گوندی فەتاح هۆمەر کردوە،شێخ محمود شێخ ئووەیس لەساڵی ١٨٣٤-١٨٦٤ز مامۆستابوە لەمزگەوتی شێخ عبدالرحمانی کوری شێخ ئەبوبکر لەهەمان کاتدا خەتیبی مزگەوتی گەورەبوە دوای خۆشی کورەکەی شێخ ئەمینی کوری دەکریتە مامۆستا لەجیگەی باوکی (شێخ بابا علی، ٢٠٠١، ٧٣-٧٦).

سەبارەت بە دێلێژەی قەرەداغ مەلا محەمەدی گەورە باپیرەی زنجیرە موفتیەکانی بیگەرد لەگەڵ شێخ رەزای دێلێژە کوری شێخ ئیسماعیلی ولیانی مزگەوتیك وەکو فیرگە دەکەنەوە شێخ ڕەزا سەرگەرمی ئیرشادات دەبیت،مەلای گەورەو شێخ عبدالسلام ی برای شێخ رەزا خەریکی تەدریس دەبن،شێخ ڕەزا بەو ڕێگاو ڕێبازەدا هەنگاوی خستوتە سەر هەنگاو هەر زووبەهۆی نیشتەجێبوونی چەند خانەوادەیەکی مەلاوزانای کوردەوە لە دێلێژە لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینیەکان ئەرکی زانستی، ڕووناکبیری سیاسی،ئەدەبی وفکری پەروەردەکردنیان لەئەستۆگرتوە خواستی شێخ ڕەزاو باوباپیریان هێناوەتە دی ودێلێژە بۆتە ناوەندێك بەدەیان مەلا، زانا وشاعیرو ڕووناکبیری تێدا هەڵکەوتوو لەشاروشارۆژکەکاندا ڕۆڵیان بینیو خزمەتی کاروانی زانست وزانیاریانکرد(بەرزنجی، ٢٠٢٠، ٥٣٩).

بابچینە تەنگەسەری قەرەداغ کە مامۆستا مەلا عەبدوڵلای تەنگەسەری لێبوە،پاشان بڕۆینە ناوچەی سەزەل کە مامۆستا مەلا عەلی کەبەقازی قەرەداغ بەناوبانگ بوە،پاشان روو دەکەینە خاوی لەقەرەداغ مامۆستا مەلا مارفی خاوێ لێبووە کەیەکێکە لە مەلا بەناوبانگەکان،لەوێوە بۆ ناوچەی قازانقایە کە مەلا عبداللە سلێیمان کوری مستەفا لەساڵی ١٨٢٤ الفوائد الضیائیە بەخەتی خۆی بنوسێ هەروەها لەساڵی ١٨٢٥ حاشیە اسماعیل الحیدری علی شرح القرباغی بەخەتی محمد ابن الخیات بنوسرێ (ساڵح، ٢٠١٧، ٢٤٨).

بنەماڵەی شێخ عبدول لەتیفی مەردۆخی کە گەورەترین مەدرەسەی دار الافتا ی هەبوە لە قەرەداغ لەساڵی ١٧٥٠ شێخ عبدول لەتیفی گەورە بەفەرمانی میری بابان هاتۆتە مەرکەزی قەرەداغ کەلەو کاتەدا ناوی زەردیاوا بوە هەر بەردەوام بوون لە بەخشینی زانست وزانیاری

هەتا سەردەمی شێخ مستەفا شێخ نەجیب کە وەچەی پینجەمی ئەو زاتەن (المدرس، ١٩٨٣، ٣٦٥-٣٦٧).

**١. ٣. تەریقەت وخانەقاو تەکیەکان وەکو فێرگەیەکی ئاینی:**

مەبەست لە وشەی تەکیە وخانەقا هەڵگری ناوی (دەروێش) و(سۆفی). وشەی (تەکیە)لەشوینکی بەرزی تەپۆڵکە ئاسایی یاخود سەکۆ وە هاتوە دەروێشان لەویدا زکرو تەهلیلەکردنیان کردوە، بەلام خانەقا ئەو وشەیە لەخانەقای بەقاوە هاتوە ومانای جێی مانەوەی سۆفیان بۆ زکرو تەهلیلەکردنیان،ئەو موریدانەی سەر بە تەریقەتی قادرین پێیان دەڵێن دەرویش،پیرەکانیشیان بە شێخ یاخود سەید ناودەبرین، ئەو مزگەوت وشوینانەی قادریەکان زکرو تەهلیلەو حەلقەی کۆرەکانیان تێادەبەستن پێ دەوتریت (تەکیە)، بەلام موریدەکانی سەربەتەریقەتی نەقشبەندی پێیان دەڵێن سۆفی پیرەکانیان بە شێخ ناودەبرێن،ئەو مزگەوت وشوێنانەی کە نەقشبەندیەکان زکرو تەهلیلەوحلقەوکۆری تێدا دەبەستن پێ دەوترێت خانەقا(صاب، ٢٠١٦، ٤٩).

**تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی:**

یەکیك لەبەناوبانگترین تەریقەتەکانی جیهانی سۆفیگەرایەتی ئیسلامی،کە زووخۆی ناساند وپێگەیەکی گەورەو فراوانی بۆ خۆی دروستکرد وشوێنکەوتوانی زۆر بەپانتایەکی فراوان بلاوبوە توانی هێزوپێگەی خۆی وەك رەوتێکی خەڵوەتی بچەسپینیت(اوغلی، ١٩٩٩، ١٨٤).

تەریقەتی قادری لەسەرەتاوە ناوێکی ترەوە بوە،بەڵام شێخ عەبدولقادری گەیلانی گەیاندە تروپك بەناوی ە ئەوە ناوبانگی دەرکرد(صابر، ٢٠١٦، ٤٥). بڵاوبوونەوەی تەریقەتی قادری لەباشوری کوردستان بۆ ناوەڕاستی(سەدەی ١٥)دەگەڕیتەوە، تەریقەتی نەقشبەندی بەپێی زۆرینەی بۆچونەکان پەیوەستە بە (محەمەد بەهائەددینی نەقشبەندی) لەساڵی ١٣١٧ - ١٣٨٩ (الحنفی، ٢٠٠٣، ٢٩٣).

**بڵاوبونەوەیان لەکوردستان:**

تەریقەتی قادریی لەناوچەی بادینان لەسەردەستی (پیرمەحمودی کوری پیرخدر زیوکی قادری)بڵاوبوە،دواتر لەسەردەستی (شەمسەدین قوتبی کوری سەید عەبدولکەریمی ئە خلاتی قادری) لەسەدەی ١٦ یەکەم تەکیەی قادری لەشاری ئامیدی پایتەختی میرنشینی بادینان دروستکراوە ولەلایەن میرانی بادینانەوە پێشتوانی لەشێخەکانیانکراوە، زۆر گەشەی کردوەبە ناوچەکانی تری کوردستان بڵاوبۆتەوە(رووف، ٢٠١٢، ٣٤٢)، شاری ئامێدی شارێکی جوان ودڵگیر هەمیشە باوەشی بۆ ئاین و ئاینزادەکان گرتوتەوەلە(سەدەی ١٦دا) یەکەم تەکیە قادری بەناوی (تەکیەی بریڤکانی) لەسەردەستی شەمسەدین قوتبی کوری سەید عەبدولکەریمی ئەخلاتی لەشاری ئامید دروستکراوە (سعدی، ٢٠٢٣، ٢٤١)، شێخ نوردین یەکیك لەپیاوەگەورەکانی ڕۆژگار وخاوەنی کشوفات وکەرامات بووە،لەهەمان کاتدا نوسەرو ئەدیب بووە زۆر حەزی لەشیعر بوە بەزمانی کوردی وعەرەبی وکرمانجی سەروو شیعری نوسیوە، ئەم کەڵە پیاوە لەناوچەکانی موسڵو دهۆك وعەقرەو زاخۆ جێگەی ڕێزوبایەخ بوە وزۆر خۆشەویست بوە(مودەریس، ١٣٨٩، ٣٣٣)،

تەریقەتی نەقشبەندی لەناوچەکانی بادینان لەسەردەستی(مەلا یەحیای مزوری،شێخ عەبدولرەحمان ئاگری،شێخ عەبدولوەهاب سوسی) بڵاوبۆتەوە، شێخ عەبدولوەهاب یەکەم خەلیفەی مەولانا خالد بوە تەریقەتی وەرگرتوە ناوبراو بەهاوکاری (موسا پادشا)ی برای(زوبیر پادشای)بادینان لەئامێدی خانەقای نەقشبەندی دروستیکردووە،دواتر لەسەردەستی (شێخ ئەحمەد کولکی) تەریقەتەکەی زیاتر پەرەپێداوە وگەیشتۆتە حەریر ورەواندز ولاجان،لەشاری رەواندزیش لەلایەن (شێخ ئەمینی سەران)مزگەوتی خانەقا دروستکراوە کە بیروای سوفیایەتی وزانست وزانیاری تێدا بڵاوکراوەتەوە (محمد، ٢٠٢٣، ١٠٣).

لەسلێمانی بەهۆی شێخ مارفی نۆدیی سەرکردە ورابەری ڕوحی تەریقەتی قادری لە قەڵاچۆلانەوە بۆ شاری سلێمانی گواستەوە تەکێ قادری لەم شارەدا بوە مەڵبەندی زانست و ڕۆشنبیری لەلایەن میرانی بابانەوە پێشوازی لێ کرا، ڕۆڵی شێخ مارف زۆر گرنگ بوو لەمێژوی باباندا،لەمەفاخری ساداتی تەریقەتە(زەکی، ١٩٣٩، ١٥٧).

بەڵام خانەقای مەولانا یەکەم خانەقایەی نەقشبەندییە لەلایەن مەحمود پادشای بابانەوە لەسالی ١٨١٧ لەشاری سلێمانی دروستکراوە،لەدوای جێهێشتنی شاری سلێمانی لەلایەن مەولانا وئەرکی بەریوبردنی خانەقا بەیەکێك لەخەلفەکانی خۆی سپاردوە بەناوی (شێخ عەبدوڵای هەراتی) (کەریم:خالد مەحمود، ٢٠١٩ ،ل٨٠) پاشان ڕۆڵی خانەقای مەحوی لەیاد ناکەین کە لەساڵی ١٨٩٣ لەسەرداوای سوڵتان عبد الحمید ی دووەم پشتگیری کراوە مزگەتی بۆ کردۆتەوە(بابان، ٢٠١٢، ١١٩).

لەشاری کۆیە تەریقەتی نەقشبەندی لەسەردەستی (خەلیفە مەلاعەباس کۆیی) و(شێخ عەبدولرەحمان جەلی)ناسراو بەمەلازادە بڵاوکراوەتەوە،بەلام تەکێ قادری لە کۆیە لەلایەن بنەمالەیەکی ناودار بنەماڵەی تاڵەبانیەوە بەتایبەتی شێخ غەفور بەناوی تەکیەی تاڵەبانەوە لەسالی١٨٤٥ دامەزراوە، سەبارەت بە شاری کەرکوك شاری شاران،شاری پێکەوە ژیان تەکیەی تاڵەبانی کۆنترین تەکیەکانی شارەکەیە ومێژوی دروستبونی دەگەڕێتەوە بۆ شێخ مەحمودی زەنگەنە لەساڵی ١٧٦٤وپاشان تەکیەی (شێخ باقی) لەساڵی ١٨٥٤ لەگەرەکی شاترلۆ لەلایەن شێخ عبدولباقی کوری شێخ ئیسماعیلیەوە دروستکراوە ومزگەوتی تێدا دروستکراوە،سەبارەت بەبڵاوبونەوەی نەقشبەندی لەکەرکووك بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە مەولاناخالید یەکێك لەموریدەکانی بەناوی (مەلامەحمود مەجزوبە) ڕەوانەی کەرکوك دەکات بۆ بلوکردنەوەی تەریقەت (محمد، ٢٠٢٣، ل ١٠٣).

ئەوەی جێگای باسە هەردووتەریقەکاریگەریان لەسەر بڵاوکردنەوەی زانست وزانیاری وخزمەت بەنەوەی کورد کردوە،لەبیرمان نەچێت سەرەرای ململانێ لەنێوان ئەم دووتەریقەتەدا بەلام هەریەکەیان مەدرەسەیەك بوون بۆ پێگەیاندی کەسایەتی لێهاتوو وزانا، مامۆستا محمد علی قەرەداخی باس لە٢٤١ قوتابخانە دەکات کەلە کوردستان ناویان هاتوە،لەبارەی (تەوێلە)وە لەسەرئەو دەستنووسەی کە خاوەنەکەی نەناسراوە دەڵێت(لایەنێکی جێگەی بایەخ لەو دەستنووسەدا هەیە کەشارۆچکەی تەوێلەیە لەکۆندا نزیکەی ٥٠٠ ساڵێك لەمەوبەر شارێکی گەوروجێگەی دیارو خویندنگەی بالای کوردستان بووە مێژوی نوسینی ئەم دەستنوسە بۆ سالی ١٥٧٥ دەگەڕێتەوە بۆیە لەناوەڕۆکی ئەو دەستنوسە کە لە (دار الصدام للمخطوطات)دا هاتوە بەژمارەی ١٩٣٦٣ باسی سێ قوتابخانەی گوندی تەوێڵە دەکات ئەوانیش

قوتابخانەی گوندی تەوێلە ١٥٧٥ کەلەتەوێلە بووە،قوتابخانەی گوندی تەوێلە لە ١٦٩٥ وقوتابخانەی گوندی تەوێلە ١٨٧٣،قوتابخانەی گوندی باسکی لەتەوێلە لە١٨٩٦ کە هەتا ئێستا پاشماوەی ئەم خوێندنگایە ماوە(قەرەداخی، ١٩٩٨، ٨٨-١٠٧)، لەگوندی خەرپانی قوتابخانەی ئاینی هەبوەلەلایەن(شێخ محەمەد کۆس)کەباوکی شێخ عەبدوڵلای ی خەرپانییە کەلەپێش خانەقای تەوێڵەو بیارە دامەزراوە لەدەوروبەری ١٦٩٠، مودەریس باسی ئەم خوێندنگایانە دەکات دەڵێت: زۆرجار ژمارەی قوتابی وفەقێکانی ئەو فێرگانە دەگەیشتە هەشتا نەوەد کەسێك، ڕێکدەکەوت نزیك بە پەنجا کەس لەتەلەبەکان پێکەوە مۆڵەت وەربگرن وناو خوێندنگاکان قوتابی ئێرانی وخەڵکی سوریاشی لێبوە دواتر بونەتە موفتی لەناوچەکانی دێرزوور لەسوریا وئەندامی بالای ئەنجومەنی ئیسلامی (مودەریس، ١٣٨٩، ١٤١-١٤٩).

خانەقای بیارە مێژوی دروستبوونی بۆ ساڵی(١٦٢٧ ز) دەگەڕێتەوە کەشێخ عومەر زیائەدین نەقشبەندی دامەزراندوە، شێخ محەمەد عوسمان سراج دین دەڵێت بیرۆکەی دروستبونی خوێندنگای بیارە بۆ باپیریان زیائەدین باوکی شێخ عەلادین دەگەڕێتەوە،لەدوای گەڕانەوەی لەبەغدا بۆ بیارە ئەم ئەرکەی بە کەسێك سپاردوە بەناوی ڕەحیم بیارەی کە خەریکی دروستکردنی خانەقاکە بوە،خودی خۆشی لەگەڵیاندا کاری کردوە بەتامەزرۆییەوە،شێخ زیائەدین چاوەڕی تەواوبونی خانەقای نەکردبەڵکویەکسەر نامەی تایبەتی لەگەڵ مەلاعبداللە ئەلولزی ومەلا عمر سەردەشتی نوسیوەو بۆ مەلاعبدول قادرئیلکانی کەبودی ناردیەتی وبانگێشتی کردوە بۆ بیارە تاوەکو ببێتە ماۆستا،لەوکاتەدا مەلاعبداللە مامۆستابوە لە گوندی کوچك چەرمو لەدەوروبەری سنە لەدوای پرس وڕا بە مەلا نودش بەجێ هێنانی نوێژی ئیستخارە بریاردەدات بێتە بیارە(البشدري، ٢٠٢٢، ٤٣٣).

خانەقای بیارە لەڕۆژگارەکانی شێخ عومەردا بووەتە ناوەندێکی گرنگی فێرکاری زانست وزانیاری ئاینی ژمارەیەکی زۆری قوتابی وفەقێ لەزۆر لاوە بۆیدەهات تەنانەت وەك ئەزهەرێکی بچووك بەناوبانگ بوو جێگای باسە خانەقا بیارە لە ساڵنامەی عوسمانی ١٨٩٩ ئاماژەی پێکراوە بەدامەزرێنەرەکەی شێخ عومەری کوری شێخ عوسمانە وژمارەی قوتابییەکانی ٣٠ قوتابی بووە(قادر،٢٠٢٣، ١٣١).

ئەگەر چی لەسەردەمی (سەلیم پادشای کوری بەکر بەگی بابان) ١٧٤٣-١٧٤٨ ز لەو ڕۆژگارانەی پاش هاتنی نەقشبەندی بۆ ناوچەکە شێخ ومەلایانی ئەو تەریقەتە لەچەشنی (شێخ قادری عەبابیلێی ١٨٢٥-١٨٨٢) ومەلا (عەبدوڵلای کوری شێخ قادر ١٨٧٨-١٩٣٨) ومەلا(محەمەد نەقشبەندی ١٨٨٢١٩٢٧) زۆر لەمەلایانی تریش لەوناوچانەئەرکی وانە وتنەوەیان خستۆتەسەرشانی خۆیان (رووف،٢٠١٥، ١٩).

مەدرەسەی بیارە مامۆستای شارەزاولێهاتوی هەبوە،وهەرئەم مەدرەسەیەی وایکردبوو لە هەولی بەردەوامدا بێت،بۆ هێنانی پێگەیشتووترین مامۆستا ئاینییەکانی ئەو ڕۆژگارە، بەهۆیەشەوە مەلا(عەبدلقادری کانی کەوەیی)بۆ هێنا،کەبەمەلای بیارە ناسراوە، لەسەردەمی ئەودا ژمارەی قوتابیانی خانەقا گەیشتبوە ١٥٠ قوتابی (کەریم، ٢٠١٩، ٧٩).

سەردەمی شێخ محەمەد عەلائەدین بەسەردەمی زێرین ناودەبرێت، خانەقای بیارە لەسەردەمی ئەمدا بەهۆی پاشخانەی مێژووییەوە زیاتر بوژایەوەو گەشەی کرد، هەرلەم قۆناغەدا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لەوێ دەبێتە مامۆستای خانەقا وناوبانگێگی زۆر پەیدا

دەکات دکتۆر مستەفا زەڵمی دەڵی یەکەم شێخێکە لەهەورامان دا ئەرکی فەقێ ومەلای گرتۆتە ئەستۆی خۆی،لە وەسیتنامەکەیدا سێیەکی ماڵەکەی بەخشیوەبەخانەقا تاخزمەتی زانست ومەعریفەوئاینی ئیسلام بکات(زەڵمی، ٢٠١٦، ٦٧).

**حوجرە:**

حوجرە شوێنێك بووە لە مەلایەك وچەندخوێندکارێك لەدوکانێك یان ماڵێکدا ماﻣۆستایەك قورئان وکتێبە وردەکانی فێردەکردن (صابر،٢٠١٦، ٧٨). حوجرە بریتی بوو لەتەنها ژوورێك،بەگوێرەی توانای مەلاکە دەگۆڕا، هەبو گەورە ولەسەرەوە سەکۆیەکی هەبوو، مەلا وخەلفەی لێی دادەنیشتن ولە خواریشەوە قوتابی، قوتابیەکانیش بەش بەش دەکران، هەشبوو ژورێکی ماﻣناوەندی یاخود بچووك کە ئەمانە قوتابیان کەم بوو (بابان، ٢٠١٢، ١٥٠).

زۆرجارلەتەنیشت مزگەوت ولەناوگوندوشارەکوردییەکان دروستکراوە،زۆربەیان لەژووریك یان چەند چوورێك لەدەوروبەری مزگەوت یاخود لەناوەی مزگەوت یان لەناو کۆلانەکاندا دروستکراون پێیانوتراوە حوجرە(یوسف،٢٠٢٤، ٤٢٤). حوجرەی فەقێ تەنیا بنکەی خوێندن وڕووناکبیری بووە لەکوردستان،مەلا وزانایان وپیاوانی ئایینی وخوێندەواری پێگەیاندووە،بناغەی حوجرە دەچێتەوە سەر ئەومەدرەسانەو ئەو (الکتاتیب)انە کەلەسەدەی دووەمی کۆچی دالەسوچێکی مزگەوت بۆ خوێندنی قورئان و فەرموودەکانی وزمانی عەرەبی دامەزران،دەیان ئایەت وفەرموودە هەن کەباسی شکۆمەندی زانایان دەکەن،یان داوای بیرکردنەوە لەگەردوون دەکەن وڕێز لە زانایان دەنێن (هەورامی،٢٠٠٨، ٣٢٤).

لەناو ڕۆشنبیری حوجرەدا زانای وەك عەلی تەرەماخی هەلکەوتوە کەیەکەمین ڕیزمانی بەراوردی بەزمانی کوردی لەرۆژهەلات ورۆژئاوا نوسیویە،وکتێبی (الصرف)ی بەزمانی کوردی نوسیوە بۆ فەقێکانی کەخوێندویانە ومارف خەزنەدار ئەو کتێبەی بەناوی (الصرف ئالللغە الکردیە -علی الترەماخی -بغداد ١٩٧١چاپیکردوە (خەزنەدار،١٩٧٨، ٥٥).

مستەفا زەلمی لەکاروانی ژیاندا دەڵێ(ماﻣۆستای ئاینی وفەقێ حوجرەکان لەکوردستانی ئێران وعێراق سودیکی زۆریان هەبوو بۆگەلی کوردلەبواری ئایینی وڕەوشت وڕۆشنبیرییەوە،چونکەلەوکاتەدا جگەلەماﻣۆستایانی ئاینی وفەقێ خوێندەوارنەبوو،خویندنی قوتابخانەوکۆلیج وزانکۆکان هەرلەشارە گەورەکان هەبوو،مندالی کورد لەدێهاتەکان بێ بەش بوون لەو جۆرە خویندنە تازەیە،جگە لە مندالی دەوڵەمەند ودەست ڕۆشتوەکان) (زەلمی،٢٠١٦، ٢٣٣).

ئەحمەدیان دەڵێت (سەرم سوڕماوە چۆن دیوارێکی قوڕینە بەنیوحوجرە بۆ ئێمە بۆتە زانستگا وئاکادێمیا وفاکۆڵتەو کانگای هەڵقوڵینی هەموو زێرو جەواهیرات وهونەرو جەوهەر وهەرچی کەئێمە بۆ نرخ وبایخی وی دەست لە ملمان دەدەین وبالی بۆ دەکێشین) (ئەحمەدیان، ١٣٨٧، ١٥٨-١٥٩). لەسلێمانی کۆمەڵێك حوجرەی لێبوو کە ماﻣۆستاکانی ئافرەت بوو ئەمەش نیشانەی پێشکەوتوی دەردەخات لەو قوناغەدابۆنموونە وەکو حوجرەی مەلا ئامینە ومەلا فاتم وناجیە خان ومەلا ڕەعنا،بەلاّم ئەوشمان بیرنەچێت تەنها مندالّی دەوڵەمەندەکان (صالح، ٢٠١٧، ٤٩). ئەحمەدیان دەڵێت:حوجرە خەزینەی میللی ومەزهەبی کوردستانە،ئەوەی هەمانە وسەردەستە وپێشەنگی هەموو دەستانە بەرهەمی حوجرەکانە لەخانی ومەلای جزیری

ومەولەوی ونالی ومەحوی تاقانع وهەژارو هێمن ئەوانە ئەستێرەی پرشنگداری نێو حوجرەن(ئەحمەدیان،١٣٨٧، ١٥٩).

لەکۆیە حوجرەی تایبەتی بەئافرەتان هەبوو وەك حوجرەی فەقێ فاتم، فەقێ زەینەب وفەقێ عەیشێ بۆ کوران وکچان،هەروەها دایە خەجێ لە هاوینان فەقێکانی بۆ دەرس خوێندن لەگەڵ خۆی دەبردنە گوندی فەقێیان لەباکوری کۆیە(حوێزی،٢٠٠٧، ١٧٧).

**حوجرەکان، مامۆستایانی ئاینی هاندان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی:**

حوجرەکان لەگەڵ ئەوەی مەڵبەندێك بووبۆ فێربونی ئاین و زانستە شەرعیەکان وبواریان بۆ زمانی تورکی وفارسی خۆشکردبو خۆی بخاتە نێو بەرنامەی خویندن،کرانەوەی نێو دەرگاکان بۆ زمانی تورکیوفارسی هەردوودەسەلاتی ئەو کاتەی لەپشت بوو،زەمەن ودەسەلاتی ئەو قۆناغە وای دەویست،لەسەدەی ١٦ هەولێکی زۆر باش هەبوو بۆ بەکوردی کردنی خویندن لەناو حوجرەکاندا هەرچەندە لێرەو لەوی گلەیی زۆرە کەحوجرەکان بەئەرکی نیشتمانی خۆیان هەلنەستاون،بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی هەندیك فەرامۆش ناکرێت،لەوڕۆژە قوتابخانەی ئاینی لەناو کۆردەواریدا بڵاوبوەفێربوونی هەموو زانستەکان لەسەرەتاوە بە وزمانە کوردییە وتراوەتەوە مەبەستمان ئەو زمانەیە کەلەوکاتەدا قسەی پێکراوەلەگەڵ ئەوشدا زمانی کوردی تیکەلاوی عەرەبی تایبەتی بوو(خەزنەدر،٢٠٢٠، ٨٠).

لەوکەسایەتیانەی ڕۆلی کاریگەریان دیوە،لەوانە عەلی تەرەماخی زانستی سەرفی عەرەبی بەکوردی نوسیوەتەوە،ئەو وانانە ی بۆ فێربوونی سەرفی زمانی عەرەبی کوتووینەتەوە،موحازەرەکانی بەکوردی تۆمارکردوە،بەکێکی ترلەو کەسایەتیانە مەلا محەمەد ئیبنو ئادەم کە مەلایەکی کوردە بەزمانی کوردی بابەتی نوسیوە لە کتێبی (مشکاة المنقول)دەڵێ (سەیر ئەوەیە لێیان بەعەیب گرتوم پێشەکییەکەم کوردییە بەوەدا ئەو گۆتەیەی کوردی وەڕاست گەڕا کە دەڵێ: وەك هێلکە لە قاپێلکی خۆیان دەرچوون (محەمەد،٢٠١٠، ٨٣).

هەریەکە لە شێخ مارفی نۆدێوئەحمەدی خانیش بەو کارەی کردویانەی خزمەتیکی بەرچاوی نەوەی کوردیان کردوە،ئەحمەدی خانی فەرهەنگێکی لەسەر کێش وقافیە بە(عەرەبی و -کوردی) نوسیوە بەناوی (نۆبارە)دیارە ئەمە فەرهەنگێکی کوردی عەرەبیە بەلام مەبەستی خانی زۆر لەوە گرنتربوە کە هەرووشەی عەرەبی بەدیاربخات بەلکە مەبەستی هینانی وشەی کوردیە بۆ ناو خوێندگا ئاینیەکان کەلەکاتەدا شتێکی نوێبوو،شێخ مارف کاتێك کورەکەی ئاستەنگی بۆ دروستبوە کە فێری عەرەبی بیت بۆ ئەو مەبەستە فەرهەنگێکی (کوردی - عەرەبی)بەناوی ئەحمەدی دانا بۆ شێخ ئەحمەدی کوری ئەمەش دواتر چوەناو قوتابخانە وحوجرە ئاینیەکان لەهەموو ناوچەکوردیەکان دەخوێندرا ولەهەمان کاتدا مەلا (یونیس هەڵکەتەینی)١٧٨٥ سێ نامیکەی لەزانستی سەرفدا بەکوردی نوسیوە (تصریف -ظرف -ترکیب) ئەم نامانە لەنامەخانەکانی ئەوڕپا پارێزراوە(خەزنەدار، ٢٠١٢، ٨٣).

بەوچەشنەزمانی کوردی لەیۆنگەی پیاوانی ئاینی دڵسۆزتارادەیەك خۆی خزاندە نێو مەدرەسەئاینیەکان جیالەبابەتی ئاینی شیعرو پەخشان ودەیان کتێب بەکوردی بۆ سەرەتای خویندنی حوجرە داندرا وەك ناگەهان،باغەبان،نانوماست،مەولوود نامە ومعراج وعەقیدەی کوردی وئەحمەدی وڕۆلە بزانە ی مەلاخدری ڕواری، سەرەرای وەرگێرانی قورئان بۆزمانی

كوردی بۆنموونه وەكو مەلا محەمەدی خاڵ،مامۆستا مەلا كەریمی مودەریس ومەلا محەمەدی كۆیی ناسراو بە مەلا ی گەورە كە كۆی تەفسیری قورئانی بەتەواوەتی بەزمانی كوردی لەچەند بەرگێكدا نوسیوەلەساڵی ١٩٣٣ دەستپێكرد لە ١٩٤٣ تەواوكرد(كۆیی، ٢٠٠٩، ٨). ڕۆلی شێخەكان ومامۆستایانی ئاینی تاوەكو زمانی كوردی بێتە وتاردانلەڕۆژی هەینیدا بۆنموونە ئیبنوئادەم بەهۆی دڵ هۆشیاری وفكری حەق پەرستیەوە گەیشتبونە ئەو ڕاستیە كەلەكوردبون ونوسینی كوردی وهینانی ناوی كوردی هیچی ناجایەزپەیدا ناووێ وچ بدعە ڕونادات (محەمەد،٢٠١٠، ٨٣).

شێخەكانی بیارەوتەوێلە ڕۆڵی كاریگەریان هەبوە هەوڵی زۆریان داوە ئەو ڕێچكەیە بشكێنن بۆ ئەو مەبەستە مەلا عەبدولكەریمی مودەریس باسی ئەو نامەیە دەكات كەشێخ عەلائەدین بۆی نوسیوەكەلەبیارە بوەدەڵێ شێخ دەستوری دابو كە هەموورۆژی جومعە مەعنای خوتبەی ڕۆژی جومعە بەزمانی كوردی بەیان بكات بۆ موسڵمانان بۆ ئەوەی لەمانەی خۆتبەكە حاڵی بن دواتر لە خورماڵوتەوێلەو هەلەبجەش پەیرەكراوە(مودەریس، ١٣٩٤، ٣٩٠).

**كورتەباسێك لەحوجرە لەلای میرەكان میرنشینی كورد:**

هەریەكە لەمیرەكان كورد بایەخی زۆریان بەمزگەوت وحوجرەو مەدرەسەی ئاینی داوە لەپێناوی ئەوەدا زۆربەی میرەكان ڕاوێژكاریان هەبوە كەمەلا بون،بەردەوام مەلای كورد پلەو پایەی بەرزی لەلای خەڵك وسەركردە هەبوە بۆنمونە میر ی گەورەی سۆران میر مەحمەدی پادشای گەورە زۆر بایەخی بەمەلاومزگەوت وفەقێ كورد داوە،خزمەتی زۆری كردون،مەدرەسەیەكی لە ڕەواندز ئاوەدانكردۆتەوە بەناوی مەدرەسەی محەمەد پادشاكە زانای گەورە مەلا(ی ئیبنو ئادەم)وانەی تێدا وتۆتەوە، ئیبن ئادەم جیالەزانای ئاینی،هەستی نەتەوایەتی زۆر بەهێزبوە،مامۆستا عەلائەدین سەجادی دەڵێت پادشای ڕەواندز میری دەسەلاتی سۆران لەهەموو قەلەمڕەوی خۆی ئەمری دەركردبوو ئەو گوندانەی لە پەنجا ماڵكەمترنین،پێویستە مەلاومەدرەسەو فەقێیان هەبێت (سەجادی، ١٣٩٩، ٩٥).

میری ئەردەلان ئەمانۆڵلاخانی ئەردەلان كە زۆر گرنگی بەمەدرەسەی ئاینی داوە لەوانە مەدرەسەی(دار الاحسان)لە سالی ١٢٢٧ی كۆژی لەشاری سنە داناوە،هەروەها هەڵۆخان هاوشێوەی ئەو خزمەتی كردوە مزگەوتی (سوری قەلای مەریوانی بۆزانا مەلائەبوبكری موسەننیف ئامادەكردوە(سجادی، ١٣٩١، ٢١٤).

برایم پادشای بابان مزگەوتی گەورەی سلێمانی دروستكرد كە شێخ مارفی نودێی كردە ئەمینداری،تەنانەت هەندیك لەمیرەكان لەومەداریسانەی كە خۆیان دروستیانكردوە خوێندویانە بۆنموونە عبد الرحمن پاشا،هەروەها سلێمان پادشای بابان زۆر لایەنگیری زانست وزانیاری كردوە بەلێشاو یارمەتی حوجرەكانی (قزڵجی،٢٠١٣، ١٨-٢٥).

میربەدلیس یەكێك لەو میرانەی كە هاندەرێكی سەرەكی بوە بایەخی زۆری بەحوجرەو كتێبخانە داوە،لەگەڵ ئەوەی خۆیان زانای گەورەو خاوەن دانراوبون،پیاوی وەك عەبداڵ خانی بدلیسی تێدا هەڵكەوتوە كە پترلە حەفتا دانراوی خۆی هەبوە (چەلەبی، ١٩٧٩، ٢٧٨).

**خوێندن بەشیوەیەكی گشتی لەناو فێرگەئاینیەكان:**

دیاره فەقی مزگەوت بەهەموو ئەو کەسانە گوتراوە کە لەمزگەوە خویندویانە،چوار قۆناغیان هەبوە،قۆناغی سوختە بەوانە گوتراوە کە لەئاستی خویندنی سەرەتایدا بوون،قۆناغی دووەم مقدمات خوین لەئاستی خویندنی ناوەندی ئێستادا بوە،قۆناغی سێیەم ناوی ناسکە موستەعید لەئاستی دواناوەندیدا بوو،قۆناغی چوارەم بە موستەعید نابراوە لەئاستی خوێندنی زانکۆدا بوە خوێندنی ئاینی سەرەتا بە پیتەکانی زمانی عەرەبی ودواتر قورئانی پیرۆز دەستی پێ دەکرد وفەقێ قورئانی خەتم دەکرد،دواتر چەندین کتێبی دەخوێند بەکوردی ئەو زانستانەی کە دەخوێندران لەخویندنی دوازدە زانستدا بوە کە دوای تەواکردنیان بەمەلای دوازداە علیم دەناسران (سەجادی،١٣٩٩، ١٠٧-١٠٨).

خوێندن ماوەیەکی زۆری دەویست زۆرجار ٢٠ساڵی دەویست،پاشان مۆڵەتی زانستی وەردەگرتولەئاهەنگێکی قەشەنگی پرتەهلیلەوسروتی ئاینی پێ دەبەخشرا،لەکۆتایدا ئەوە دەردەکەوێت سەرەرای دواکەوتی کوردستان بەدەست زوڵم وزۆرداری فارسو عەرەبوتورك، وێرای بچوکی ودواکەوتویی لەرویی ئاوەدانی وشارستانی،لەرێزی پێشەوەی گەلانی جیهانی ئیسلامیدا بووە لەرویی رۆشنبیرییەوە لەو ماوەیە مێژوویەدا (علاءالدين،٢٠٠٩، ٩).

### ١. ٤. مۆڵەتی زانستی:

لێرەدا ناوی هەندێك لەو فەقێیانەی مۆلەتی زانستیان وەرگرتوە لە ١٧٠٠-١٩٥٠:

### ١. ٤. ١. لە میرنشینی بابان:

مەلا موحەمەدی هەزامێردلە١٦٩٩-١٧٧٥ناسراوە بە ئیبن الحاج، مەلا موحەمەدی غەزایی، مەلا شێخ موحەمەد وسیمی تەختەیی، یەکەم١٧٠٦-١٧٥٧، ئەمانە لە فێرگەی قەڵاچوالان بوە،

### ١. ٤. ٢. شاری سلێمانی:

مەلا سەید عبد الكريمی بەرزنجی ١٧٠٧-١٧٩٨، مەلا عوسمانی گەورە ی باڵخی ١٧٠٦-١٧٨٦، مەلا شێخ مارف نودێی ١٧٥٣-١٨٣٨، مەلا مەحمود موفتی ١٧٦٠-١٨٢٤، مەولانا نەقشبەندی ١٧٧٨-١٨٢٧، مەلا وەسمانی باڵخی ـکور ١٧٨٦-١٨٦٨، مەلا محەمەدی فەیزی زەهاوی ١٧٩٤-١٨٩١، شێخ عبد القادرموهاجیر ١٧٩٦١٨٨٧، مەلا ئەحمەد چاومار ١٨٠٥-١٨٦٣، مەلا موحەمەدی مەحوی ١٨٣٠-١٩٠٦، مەلا موحەمەدی ئەمینی موفتی ١٨٣٥-١٨٩٨، مەلا عبد الرحيم چروستانی ١٨٥٤-١٩٠٩، مەلا شێخ بابا عەلی ١٨٥٨-١٩٤٠، مەلا عبد العزيز

موفتی ١٨٧٢-١٩٤٧، مەلا شێخ عومەر ـئیبنو لقەرەداغی ١٨٨٥-١٩٣٦.

### ١. ٤. ٢. کۆیە:

مەلا حاجی ئەسعەد١٨١١-١٨٦٣، مەلا جەمالەدینی کوری حاجی مەلا عبدالله جەلی ١٨٤٤-١٩٠٨، مەلا موحەمەدی کوری مەلا عبدالله، جەلیزادە (مەلای کۆیە ١٩٧٥-١٩٤٣(صابر، ٢٠١٩، ٣٧-٤٥).

ژمارەی قوتابخانە ئاینیەکانی لیوای کەرکوك وسلێمانی لەسالی ١٨٩٨-١٨٩٩ بەم شێوەیە بووە:

ليواى كەركووك ژمارەى سوختەو حوجرەكان ١١٧،ژمارەى قوتابيانى كور ٩٧٢، ژمارەى قوتابيانى كچ ١١١٧، كۆى گشتيان ١٠٨٩، سەبارەت بە ليواى سليمانى، ژمارەى حوجرەو سوختەخانەكان ١٩٠، ژمارەى قوتابيانى كوڕ ٨٣٤، ژمارەى قوتابيانى كچ ١٣٢، كۆى گشتى ٩٦٦ (محمد،٢٠٢٣، ١١٥).

**٢. بەشى دوهەم: لەدواى گۆڕانكارى وچاكسازى لەدەوڵەتى عوسمانى فێرگەئاينيەكان ڕۆڵيان بۆ چى گواسترايەوە؟**

له ساڵى ١٨٤٦ حكومەتى ئەستەنبوڵ ڕێنمايى دەركرد بۆ ئەنجامدانى چاكسازييەكى هەمەلايەنە لە بزووتنەوەى پەروەردەيى و دامەزراندنى دامەزراوەى پەروەردەيى مۆديرن لە هەموو پارێزگاكانى دەوڵەتى عوسمانى. دامەزراندنى ئەنجومەنى پەروەردە لە ئەستەنبوڵ لە هەمان ساڵدا ڕۆڵى هەبوو لە چاودێريكردنى بزووتنەوەى پەروەردەيى مۆديرن، دەركردنى ياساى پەروەردەى عوسمانى لە ساڵى ١٨٦٩دا بناغەى سيستەمى پەروەردەيى يەكگرتووى لە پارێزگاكانى دەوڵەتى عوسمانى بە عێراقيشەوە دانا. ئەم ياسايە پێكهێنانى ئەنجوومەنى باڵاى پەروەردە و ئەنجوومەنى پەروەردەى لە پارێزگاكاندا ديارى كردبوو، پەروەردە لە سەردەمى يەكەمى عوسمانيدا (١٥٣٤-١٦٣٨) سنووردار بوو بە دياردە تەنانەت پێش ئەم بەروارەش،لە سەردەمى دووەمى عوسمانيدا (١٦٣٩-١٧٥١)، بارودۆخى خوێندن وەک خۆى مايەوە، پشتى بە قوتابخانە و مزگەوت و مەدرەسەى ئاينى (قوتابخانەى قورئانى تەقليدى) بەست، كە لە بەرامبەردا فێرى نووسين و عەقيدەى ئايينيان دەكرد. هيچ شتێكيان پێشكەش بە كۆمەڵگاى عێراقى نەدەكرد كە شايانى ستايش بێت؛ بەڵكو بە درێژايى هەموو قۆناغەكانى لە عێراق، وڵاتەكە بەردەوام بوو لە تێكچوون و خەڵک لە ڕووى پەروەردەوە دواكەوتوو مانەوە.لە سەردەمى دواترى عوسمانيدا، هەندێک پێشكەوتنى پەروەردەيى بەديكرا، بەتايبەتى كاتێک ميسيۆنێرييەكان دەستيان كرد بە كردنەوەى، قوتابخانە بۆ كۆمەڵگاكانى خۆيان لە عێراق، وەک قوتابخانەى باوكانى كارمێل، قوتابخانەى كلدان و قوتابخانەى يەكێتى جولەكەكان.،سەرەتاى پەروەردە لە سەردەمى سەردەمى پارێزگارى ميدحەت پاشا (١٨٦٩-١٨٧٢)، چوار قوتابخانە كرايەوە: قوتابخانەى ئامادەكارى سەربازى، قوتابخانەى هونەر و پيشەسازى، قوتابخانەى ڕوشدييە مەدەنييەكان، قوتابخانەيەكى ديكەى سەربازى. پرۆگرامى خوێندنيان لەسەر بنەماى زمانى عوسمانى بوو و بابەتەكانى وەک جوگرافيا، ژمێريارى، مێژوو، زمانە بيانييەكانى لەخۆگرتبوو.(الحيرى،٢٠١٩، ١١٣١).

عوسمانيەكان هيچ بايەخيان بەخوێندەوارى نەداوە بەتايبەتى لەكوردستان هەربۆيە تا كۆتاى سەدەى نۆزدە هيچ خوێندنگەيەكى ميرى وفەرمى لەكوردستان نەبوە هەتا سەردەمى مەدحەت پادشا كەبوە والى بەغداد لەساڵى ١٨٦٩-١٨٧٢ بەردەوام بوو لەوكاتەدا بۆ ڕزگاربوون لەدواكەوتوى بايەخى بەچاكسازيدا لەنێو خوێندن وخوێندەواريدا (تەيب، ٢٠٠٨، ٦٢)، مدحت پاشا لەساڵى ١٨٦٤ ياساى ولايەتەكانى وياساى فێركردنى گشتى (معاريف عموميه نظامناسى)لەساڵى ١٨٦٩ دەرچوو كەسستەمێك بو بۆ فيربونى هاوچەرخ لەژێرسايەى عوسمانيدا(الخفاجى،٣٣٨،٢٠٢٤)،كارى ئەم ئەنجومەنە بريتى بوو لەپێداچونەوەو وردبينى

بودجەی تایبەت بەبەڕێوبەرایەتیەکانی مەعاریف وجیبەجێکردنی فەرمانەکانی وەزارەتی مەعارف وهەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی وبەرزکردنەوەی راپرتی سالانە ی تایبەت بەم رەوشە بۆ معاریفبە پێ مادەی ١٨ لەیاسای نویی خوێندن (احمد،١٩٨٢، ٣٣)،بەپێی مادەی ١٨ بریاردرابەکردنەوەی قوتابخانەی روشدییەکان بۆهەموو ئەوشارو شارۆچکەیەی ژمارەی مالەکانیان ٥٠٠ماڵە کەمترنەبێت (مصطفی،٣٥٢،٢٠٢١).

سەبارە بە خوێندنی فەرمی لەدەوڵەتی عوسمانی دابەشبوو بەسەرچەند قۆناغێکدا،قۆناغی سەرەتای وقۆناغی روشدییە(ناوەندی)، قۆناغی ئامادەیی (سوڵتانی)قۆناغی بالا،قۆناغی سەرەتای چوارساڵبوو دواتر بووە سێ ساڵ، قۆناغی ناوەندی ٠قوتابخانەی روشدییەی موڵکی وسەربازی ماوەی خوێندن سێ سال بوو،قۆناغی ئامادەی ماوەی خوێندن چوارساڵبوو جگەلەمانە قوتابخانەی سولتانی هەبوو کەماوەی خوێندن ١٢ساڵبوو کە پێنج ساڵی یەکەمی خوێندن ی سەرەتای بوو قۆتابخانە لەکوردستانی باشور لەساڵی ١٨٧٠-لەکەرکوك وهەولێرکرایەوە کەدەرچوانی حوجرەکانی وەردەگرت(اوغلو،١٩٦،٢٠١٥)، لەساڵی ١٨٨٥ قوتابخانەی سەرەتای لە کۆیە کرایەوە هەرئەوسالەش داخرادوبارە لەسالی ١٩٠٠ کرایەوە پاش ماوەیەك داخرایەوە لەبەر ئەوەی ژمارەی قوتابی کۆیە چونە شاری موسڵ وئەستەمبوڵ بۆ خوێندن،بە گوێرەی سالنامەی معاریفلەسالی ١٨٩٩ ژمارەی قوتابیانی روشدییەی موڵکی بەمشێوەیە بوو:

ژمارەی قوتابی وناوی مامۆستایانی روشدییەکانی کەرکووك،هەولێر،سلیمانی(محمد:ڕێواس فتاح،٢٠٢٣،ل١١٨)

| ژ | قوتابخانەی روشدیە | ژمارەی خوێندکا | مامۆستا | پێگەی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | روشدییەی سلێمانی | ٣٠ قوتابی | عەبدولفەتاح ئەفەند عەبدوللا عیرفان ئەفەندی کارگوزاریك | خەت خۆشی بوو، |
| ٢ | روشدییەی کەرکووك | ٥٣ قوتابی، | مامۆستا عبدلقادر ئەفەندی ومامۆستا رووف ئەفەندی مامۆستا عەبدوللا ئەفەندی بوو | مامۆستا بەریوبەر،یاریدەدەر خەتخۆشبوو |

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ڕوشدییەی هەولێر | ٣٥ قوتابی | عەبدولحەکیم ئەفەندی<br>مامۆستا محەمەد ڕەشید ئەفەندی | بەڕیوبەرو<br>خەتخۆشبوو |

خشتەی ژمارە (١): ژمارەی قوتابی وناوی مامۆستایانی ڕوشدییەکانی کەرکووك،هەولێر،سلیمانی(محمد،٢٠٢٣، ١١٨).

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بایەخ و گرنگیان بە قوتابخانەکانی ڕوشدیە دەدا، نەک بە قوتابخانەی سەرەتایی، بەپێی ڕێنماییەکان ئەو دامەزراوە ئاینییەی خوێندنی حوجرە (کتاتیب)ی هەبوو، دەبوایە لەژێر چاودێری ئەواندا بەردەوام بن، تا زووتر خوێندکار پێ بگا، بۆ قۆناغی ئامادەیی و خوێندنی کۆلێج)،سەرچاوە مێژووییەکان هۆکارەکانی ئەمەیان بۆ پێویستی دەستبەجێ و هەنوکەیی دەوڵەت بە دەرچووانی قوتابخانەکانی ڕوشدیەی (موڵکی و سەربازی) دەگەڕاندەوە، بۆ کارکردن لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی. جگە لەمەش ئەمانە و نەبوونی تواناى تەکنیکی و دارایی پێویست بۆ کردنەوەی قوتابخانە سەرەتاییەکان .سلێمانی کە سنجقێک بوو لە ویلایەتی موسڵ، ویلایەتی موسڵیش لە ویلایەتی بەغداوە بەڕێوەدەبرا، جگە لە سلێمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەوەندە گرنگی بە کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی نەدەدا لە سێ ویلایەتەکانی تری عیراق (موسڵ، بەسرە، بەغدا).سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە قوتابخانەی ڕوشدیەی سلێمانی ساڵی ١٨٦٨ کراوتەوە و یەکەم قوتابخانەی ڕوشدیەش لە بەغدا ساڵی ١٨٦٩ و یا ١٨٧٠ لە سەردەمی والی بەغدا (مدحت باشا)(کراوەتەوە، لە سێ ساڵەی تەمەنی فەرمانڕەوای ئەم والیەی بەغدادا کارێکی گرنگی کردووە لە زۆربەی بوارەکانی خزمەتگوزاری خوێندن یەکێکە لە بوارەکانی پێشکەوتنی هەر نەتەوە و وڵاتێك، کە مەدحەت پاشا زۆر گرنگی پێدەدا، کە لە دوای خۆیشی هەر بەردەوام مێژووی سەرچاوەو دیکۆمینەتەکان ئەوە پشت ڕاستدەکەنەوە، کە قوتابخانەی ڕوشدیەی موڵکی لەسلێمانی لەساڵی ١٨٦٨ کراوەتەوە، کراوەتەوەلەساڵانی ١٨٩٠-١٨٩٣ ڕوشدی موڵکی سەربازی کراوەنەتەوە،ڕوشدی مولکی ژمارەی قوتابیەکانی لەساڵی ١٨٩٠-١٨٩١ ١٠٣ قوتابی بوە ومامۆستا بەناوەکانی(حاجی عەبدولفتاح ئەفەندی)،(عەبدوڵا عیرفان ئەفەندی)،(حەسەن ڕەفعەت ئەفەندی بووە پاشان بەهۆی گەشەکردنەوە ژمارەی قوتابیەکان بۆ ١٠٩ بەرزبوە،ڕوشدییەی سەربازی ژمارەی گەیشتۆتە ١٣٢ قوتابی ولەم خویندنگایەدا خویندن فرەچەشن بووە بەزمانی تورکی وعەرەبی وفارسی،ءەوەی لە ڕوشدیەی سەربازی تەواوی دەکرد ڕەوانەی ئامادەی سەربازی بەغدادو ئەستەمبول دەکرا پاش تەواوبونی پلەی ئەفسەریان پێ دەبەخشی ، مێژووی قوتابخانەی ڕوشدیەی سەربازی لە سلێمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گرنگییەکی تایبەتی بە خوێندنی سەربازی دەدا، بە مەبەستی ڕاهێنانی گەنجان بە پێی میتۆد و سیستەمی سەربازی مۆدێرن، بۆیە دەستپێشخەری کرد بۆ دامەزراندنی چەندین قوتابخانەی سەربازی (ڕوشدییە و سەربازی) هەروەها قوتابخانەی سەربازی باڵا، قوتابخانەکان پێش قوتابخانە مەدەنییەکانی دیکە لە ئەستەنبوڵ و هەندێک لە پارێزگاکانی تری عوسمانی کراونەتەوە. ەغدا کە ناوەندی فەیلەقی شەشەمی سەربازی بووە، کە لە ساڵی ١٨٤٥ز بڕیاری کردنەوەی دەرچووبوو، بەڵام کردنەوەیان تا ساڵی ١٢٨٦ی کۆچی دواکەوت، لە ساڵی

١٨٦٩ی زایینی، له سەردەمی مەدحەت پاشا وەک سەرەتایەك بۆ كارەكانی، كردنەوەی یەكەمین قوتابخانەی روشدیەی سەربازی مۆدێرن بوو له بەغدا،كه قوتابی لەسلێمانی و هەولێر و موسڵ له قوتابخانەی روشدیه (ناوەندی) تەواو دەكرد، دەبوایه روو له بەغدا بكات بۆ تەواو كردنی خوێندنی ئامادەیی، پاشان رووی له پایەتەختی دەوڵەتی عوسمانی (ئیستەمبوڵ) دەكرد بۆ خوێندنی باڵا و بوون به ئەفسەری سەربازی یا هەر پلەیەكی بەرزتر.

كەسایەتییەكی وەك (شەریف سەعید پاشای خەندان كه خەڵكی سلێمانی بووەو وەزیری بابی عالی بووە له دەوڵەتی عوسمانی، یەكێكه لەو كەسایەتییانەی كەپێشنیاری كردنەوەی قوتابخانەی روشدیەی سەربازی كردووە له شاری سلێمانی، بێگومان خوێندن له قوتابخانەكان به زمانی توركی بووە .به پێی ساڵنامەی عوسمانی ساڵی ١٨٩٤ ١٨٩٥ی ویلایەتی موسڵ ژمارەی خوێندكاران و مامۆستایانی قوتابخانەی (روشدییەی سەربازی) (١٣٠) قوتابی بووە، ژمارەی مامۆستاو كارمەندی قوتابخانەكه ١٠ كەس بوونه، دوو مامۆستای ئەو قوتابخانەیه پلەی سەربازییان هەبووە، مامۆستاكانی دیكه مەدەنی بووینه، لەوانه (عیرفان ئەفەندی) كه خەڵكی سلێمانیەو كورد بووە، وانەكانان هەمان بابەتی قوتابخانەی روشدی مەدەنی بووە، تەنها مەشقی سەربازی جیاواز بووە. تێبینی دەكرێ كه هەر لەگەڵ كردنەوەی ئەو قوتابخانەیە خەڵكی سلیمانی و دەوروبەری منداڵەكانی خۆیان بردۆته ئەو قوتابخانەیە و ناویان تۆمار كردون، خوێندنی سەربازی خۆڕایی بووە، هەروا شوێنی تایبەتی خوێندن و جلوبەرگ و یارمەتیان بۆ دابین كراوە .لەگەڵ ئەوەش بوونە ئەفسەری خەونی زۆر كەس بووە، چونكە ئەو پلەیە شوێنێكی بەرزی هەبوو لەناو كۆمەڵگە، یەكێك لەو قوتابییە زیرەك و بەناوبانگانە محەمەدەمین زەكی بەگ بوو، كه ساڵی ١٨٩٣ لەگەڵ كردنەوەی قوتابخانەی روشدیەی سەربازی له سلێمانی دەستی بەخوێندن كرد. له ساڵی ١٨٩٦ بۆ خوێندنی سەربازی رووی له بەغداد كردو له ساڵی ١٨٩٩ چۆته ئیستانبوڵ و خوێندنی باڵای سەربازی لەوێ تەواو كردووە و بۆته ئەفسەر و گەڕاوەتەوە، له ئۆردوگای شەشەمی عوسمانی له بەغدا ساڵی ١٩٠٥ له سوپای ئەوێ ماوەتەوە. محەمەدەمین زەكی بەگ نموونەیەكه لەو كەسایەتییانەی قوتابخانەی روشدیەی سەربازی سلێمانی، كه رێگای خوێندنی بۆ قوتابیانی شار خۆشكرد. (موفتی،٢٠٢٤، ٥).

له كەركوكیش یەكەم قوتابخانه روشدیەی مەدەنی لەكوبرییاش لەسالی ١٨٦٥ كرایەوە هەتا ١٨٧٠ ژمارەی قوتابییەكانی گەیشته ١٣٢ قوتابی هەریەك رەسول مستی ئەفەندی وزەینەڵ ئەفەندی وەك مامۆستای یەكەم ودووەم ومامۆستا سلیمان ئەفەندی وەك مامۆستای خەتخۆش ی دەستبەكاربوو،دەستەی كارگێری لەروشدیەی سەربازی لەسالی ١٨٧٧ لەمامۆستا رەسول ئەفەندی ومامۆستا عبدولقادر ئەفەندی وسلێمان ئەفەندی ودەرگەوان عەبدول سەمەدی ئەفەندی پێكهاتبوهەتا لەسالی ١٨٩٠ یەك قوتابخانەی سەرەتای (صبیان مكتبلری)هەتبو بەلام لەسالی ١٨٩٤ بۆ ١٥ قوتابخانه زیادی كرد،پاشان قوتابخانەی پیشەی بەناوی اسلاح خانه لەسەردەمی مدحت پادشا كرایەوە كه محەمەد بەهجەت ئەفەندی وەك بەرێوبەر (عثمان،٢٠١٨، ٢٦-٤١)، بەهاتنی ئنگلیزەكان فراوانبونی دەسەلاتی سەرپەرشتیاری پەروەردەی لەناو سوپای ئنگلیزی اه عێراق بەناوی (نازر مەعاریف ءەلعمومی)ناسرا وردە وردە قوتابخانە زیادیكرد لەسنوری لیوای كەركوك وقەزاوناحیەكان لەسالی ١٩١٩ سی قوتابخانەكرایەی لەساله ١٩٢٣-١٩٢٤ بۆ

یەکەمجاربەڕێوبەرایەتی مەعایف لە کەرکووك دامەزرا بەلام لەسالی ١٩٢٦ نەما چوە سەربەغداد دەتوانین بلێن لەم قۆناغەدا مەعاریفی کەرکووك لەلایەن مەعاریفی بەغدادەوە سەرپەرشتی دەکرا تاوەکو ١٩٣٣ بەلام لەسالی ١٩٣٣ بریاردرا بەدروستکردنیو دامەزراندنی بەریوبەرێتی مەعاریف بۆ هەرلیوایەك لە لیواکانی عێراق و١١ بەرێوبەرایەتی مەعاریف دامەزرابەم شیوەیە لە١٩٣٥ مەعاریف بۆ کەرکوك دروستبوو لەسالی ١٩٣٥ دوبارە هەڵوەشایەوە لەسالی ١٩٣٧ دوبارە کاری پیکرایەوە (جبار،٢٠٢٣، ٨-٩).

**ئەنجام:**

١. سەرەتا قوتابخانەکان لە شێوەو فۆرمی ئاینیدا بوون.

٢. مزگەوت و قوتابخانە ئاینیەکان ڕۆڵی کاریگەریان بینوە لەپەروەردەکردنی تاك وبڵابونەوەی زانستدا.

٣. هەرچەندە میرنشینەکان بارودۆخیان زۆر خراپ بوە بەهۆی سیاسەتی دەرەکی، بەلام خوێندن لەکوردستان پەرەپێدراوە .

٤. ڕۆڵی مەلاو مامۆستاکان لە فێرگەکاندا بۆ پەرەپیدانی زمانی کوردی لەو کاتەدا گرنگ و بەرچاوە.

٥. لەدوای هاتنی هیزی دەرەکی دەوڵەتی عوسمانی بیری لەچاکسازی کردەوە بەگۆرانکاری گواستەوەی خوێندن، راستە سەرەتا تەواکەری مزگەوت بو، بەلام قۆناغ بەقۆناغ گۆڕا.

٦. کردنەوەی روشدیەی سەربازی گۆرانکاری مێژووییە.

**سەرچاوەکان:**


١. بە زمانی کوردی

ئەحمەدیان:عەلامەمەلاعەبدوللا،١٣٨٧،خەزێنە،کۆمەڵەوتار،نەشرئیحسان،تاران.

بابان:جمال، سلێمانی شارە گەشاوەکەم سلێمانی لەرۆژی بنیادنانیەوە تا کۆتای دەسەلاتی بابانەکان،٢٠١٢،بەرگی یەکەم ودووەم، دەزگای چاپ وبلاۆکراوەی ئاراس.هەولێر

بەحرکەیی:مەلا طاهیر مەلا عیداللە ٢٠١٠ (مێژووی زانایانی کورد)،بەرگی یەکەم، چ ١،چاپخانەی ئاراس.

بەرزنجی:عمرشێخ لطیف،٢٠٠١، گەشتێك بەناو مزگەوت وتەکییەکانی شاری هەولێر، کتێبخانەی بەرێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەی، هەولێر

بەرزنجی:محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆلەیی، ٢٠٢٠، خانەوادەیەك لە مێژوودا شێخ رەزای دێلێژە ونەوەکانی،بەرگی ٢، چاپخانەی کارۆ،سلێمانی.

بەکر:ئاشتی رەحمان.،٢٠١٩، هەولێر لەسەردەمی عوسمانیەکاندا،چ١،ناوەندی کوردستان بۆ دیکۆمینت ولێکۆلینەوەی ئەکادیمی لەزانکۆی سلێمانی.چاپخانەی سارا،سلێمانی

پێنجوێنی:عبداللە، ١٩٩٨،(مزگەوت ومەدریسە لەمێژووی کوردستان وئیسلامدا).چاپی سلێمانی.

تەیب:جەمال فەتحولا:٢٠٠٨،ل ٦٢،کۆیە،١٩١٨-١٩٥٨،چاپخانەی شەهاب،هەولێر

چەڵەبی:ئەولیا.١٩٧٩، کوردلە مێژوزی دراوسێکانی دا،و/سعد ناکام چاپخانەی کۆری زانیاری.مطبع المجتمع العلمی ،بغداد.

حوێزی:طاهیر احمد،٢٠٠٧، مێژووی کۆیە،بەرگی ٢،چاپخانەی نمیر،بغداد.

خەزنەدار:مارف،٢٠٠٤،مێژووی ئەدەبی کوردی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە وسەرەتای سەدەی بیست ١٨٥١-١٩١٤،چ١،دەزگای چاپ وبڵاوکراوەی ئاراس،هەولێر
ڕەوشی پەروەردە وفێرکردن لە کەرکوك(١٩٦٨-١٩٩١)،ماستەر.زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان / مێژوو
ڕەشە:ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی،١٩٨٧، شاری سلێمانی،،بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی.
زمزیرانی:سەید مستەفای مەحمودیان،١٣٨٢، فەقێ وفەقێیەتی لەکوردستان،چاپخانەی مەهارەت،تاران ١٣٨٢
زەکی: محەمەد ئەمین: ١٩٣٩، تاریخی سلیمانی وولاتی لەدەوری زۆر قەدیمەوە تا ئەوەڵی ئیحتلال(١٩١٨م)، چاپخانەی النجاح،بغداد.
زەلمی:مستەفا ئیبراهیم، ٢٠١٦،کاروانی ژیانم،نەشری ئیحسان،تاران.
ساڵح:ئاراس محمد،٢٠١٧،بزافی خوێندن وزانستی ناوچەی قەرەداغ،گۆڤاری ئەکادیمی کوردی،ژمارە ٣٧،ل ٢٤٨-٢٥٠
سەجادی:عەلائەدین،١٣٩٩،،کوردەواری،انتشارات کردستان،سنەج.
شارەزا:کەریم، حەوێزی:نازم،٢٠٠٩، کۆیە لەرەوتی شارستانیدا،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر
شوانی: ئاکۆ عەبدولکەریم،٢٠٠٢، (شاری سلێمانی (١٩١٨ ١٩٣٢))،چ ١، چاپخانەی زانست،،سلیمانی،. موفتی:ئیحسان ڕەشاد،٢٠٢٤، قوتابخانەی سەربازی سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا ١٨٩٣-١٩١٤
شێخ بابا علی،شێخ نوری،٢٠٠١، سەرچاوەی بیگەردبۆناسینی مەرد،چ١ چاپخانەی سلێمانی،سلێمانی.
صابر:هەردی: ٢٠١٩، (مۆلەتی زانستی لەکوردستاندا)،چ ١،بەریوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە ١٠١٥.
صابر:هەردی،٢٠١٦ (پوختەیەك لەمێژووی مزگەوتی خانەقای مەحوی)،چاپخانەی ڕێ نوێ.
صابر:هەردی،٢٠١٦،پوختەیەك لەژیاننامەی موفتی وزانای گەورە مامۆستا مەلا عبدوالله چروستانی،بەربەرایەتی گشتی کتێبخانەکان
علاء الدین:عبد الخالق،٢٠٠٩، مەلای گەورە،زاناو ئەدیب وشاعیر.چ٢،چاپخانەی منارە،هەولێر
عەلیاوە:مەلا محەمەد،٢٠٠٣، ژیانی فەقێیەتی لەکوردستان لەسەدەی ١٣و١٤ کۆچی،ئامادەکردنی عەبدوڵلاعەلیاوەی،چ١.
قادر:لوقمان محمد،٢٠٢٣،پێگەی شێخانی نەقشبەندی لەهەورامان وهەڵەبجە ١٩١٨-١٩٥٨،ماستەر، زانکۆی سلێمانی -کۆلێجی زامستە مرۆڤایەتیەکان -بەشی مێژوو.
قزڵجی:محمد،٢٠١٣، (ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانی وخوێدنگەئاینییەکانی)، و ئاراس محەمەد صاڵح،چ١،چاپخانەی شڤان
قەرەداخی:محمد عەلی، ٢٠٠٤،بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لەڕیگەی دەست وخەتەکانیانەوە،ب/١/چ١،چاپخانەی مبیض،بغداد

كۆیی:مەلامحمەد، ٢٠٠٩، تەفسیری کوردی لەکەلامی خوداوەندی،١بەرگ؟چاپخانەی حەمدی.سلێمانی
کەریم:خالد مەحمود، ٢٠١٩، باشوری کوردستان لەکۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا،چ١،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی
گەڵاڵەیی:مەلا مەحمود،٢٠١٩،کورتەیەك لە ژیانی مەلای گەڵاڵە حاجی ملا محمد رەئیس،لەسەر ئەرکی کتێبخانەی ئارام چاپکراوە،سلیمانی.
محمد:رێواس فتاح،٢٠٢٣،(شارەکانی باشوری کوردستان لەسەدەی نۆزدەدا)، دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانیزانکۆی مێژوو.
محمد:شیرین صابر، ٢٠٢٣،(رۆڵ وپێگەی مزگەوت لە هەرێمی جەزیرە (٤-٧ك/ ١٠ -١٣ز)، نامەی ماستەر،زانکۆی سلیمانی -کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان -بەشی مێژوو.
محەمەد:مەسعوود،٢٠١٠،حاجی قادری کۆیی،بەشی یەکەم،چ ٢،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
المدرس: عبد الکریم، ١٣٨٣، رۆژکاری ژیان،یاداست وبیرەوەرکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمە مودەریس،ئامادەکردنی رووف مەحمودی،انتشارات کردستان.
مودەریس:مەلاعەبدولکەریمی، ١٣٨٩، بنەماڵەی زانیاران، بلاوکراوەی کتێبی کانی،سنە،شەقامی شوهەدا
موکریانی:حوزنی،١٩٨٩،شاری کۆیە لەپایزی ١٩٣٥،،گۆڤاری رۆشنبیری نوێ،ژ١٢٤کانوونی یەکەم،ل٤١-٥٧
میران:رەشاد، ٢٠٠٠، رەوشی ئاینی ونەتەوایەتی لەکوردستان،سەنتەری برایەتی،هەولێر
نطامی ،عمر احمد،٢٠٢١، ئەستێرەکانی ئاسمانی زانست مێژووی هەندێك لەزانایانی کوردستان وخوێندنگاکان،چ١،کتێبخانەی گەشە
هەورامی:حەمە کەریم،،٢٠٠٨، مێژووی پەروەردە وخوێندن لەحوجرەکانی کوردستان، وەزارەتی رۆشنبیری،هەولێر

٢. بە زمانی عەرەبی
احمد:ابارهیم خلیل،١٩٨٢،ص ٣٣) تطور التعلیم الوطنی فی العراق ١٨٦٩-١٩٣٢.طذ١،البصرة. مطبعة البصرة.
احمد:ابراهیم خلیل. حرکة التربیة والتعلیم فی العراق:موسوعة الموصل الحضاریة، ١٩٩٢،الموصل، طبع موصل، المجلد الرابع
اسماعیل:زبیر بلال، ١٩٨٤، علما ومدارس فی اربیل،مطبعه الزهراء الحدیثه،موصل.
اسماعیل:زبیر بلال، ٢٠١٦، اربیل في ادوارها التاریخیة،مطبعة النعمان.
اوغلو: نجاة کوثر ،٢٠١٥، صفحات من تاریخ کرکوك منذفجر التاریخ الی ١٩٥٨ ،مطبع دار الحکمة.
اوغلو:نظام الدین ابراهیم، کرکوك ودور المدار والعلماء فی تطور العلوم من عام ١٩١٨-٢٠٠٢ .٢٠١٣
اوغلی:اکمل الدین احسان،١٩٩٩، الدولة العثمانیة تاریخ والحضارة،ت صالح سعداوی ،مج الثانی ،استانبول

البرواری: محمد زکی ملا حسين، ٢٠١٤، الحالة العلمية ودور المساجد المدرسية فی كوردستان العراق، الموتمر الدولى للعلوم الاسلامية بين المدارس الدينية التقليدية والكليات الدينية المعاصرة، جامعة بنكول

البشدري:عابد احمد،٢٠٢٢، مدرسة بيارة ودورها العلمى فی كردستان العراق ١٣٧٠-١٤٠٠ هيجرى،جلة كلية العلوم الاسلامية ،العدد ٧٠، صص ٤٣٠-٤٤٧

البلاذری:احمد بن يحى بن جابر بن داود، فتوح البلدان، ١٩٨٨ ،بيروت ،مكتبة الهلال؟

الحنفی:عبد المنعم،٢٠٠٣، الموسوعه الصوفيه،دار الرشاد للنشر،ط٢،القاهير.

الحيرى:علاء خميس علوان،٢٠١٩، تطور التعليم فی العراق واثره فی الحياة الاجتماعية ١٩١٢١٩٥٨ ،مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم والتربوية والانسانية /جامعة بابل ،العدد ٤٢،ص١١٣٠-١١٤١

الخال:محمد، الشيّخ معروف النودهی البرزنجی.١٩٦١،دار مطبعه التمدن.بغداد

الخفاجي:خليل جوده عبد،٢٠٢٤، السياسة التعليمية العثمانية فی عهد السلطان عبد الحميد الثانی ١٨٧٦-١٩٠٩م،مجلة كلية الربية للبنات للعلوم الانسانية ،العدد ٣٤ السنة الثامنة عشر

خەزنەدار:معروف، ١٩٧٨، مخطوطات فريدة ومطبوعات نادرة،، الجزء الأول، مطبعة المعارف.

رووف:عماد عبد السلام،٢٠٠٨، مراكز ثقافية مغمورة فی كردستان دراسة فی اهم المراكز الثقافية التی برزت فی كردستان العراق خلال القرون المتاخرة، مطبعة خانی دهوك ،الطبعة الاول

رووف: عماد عبد السلام ،٢٠١٢، دراسات وثائيقية فی تاريخ كرد الحديث وحضارتهم ،ط١، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع ،ديمشق

رووف: عماد عبد السلام، ٢٠١٥، مراكز ثقافية مغمورة فی كردستان ،ط١ ،مطبعة خانی ، دهوك

ساعاتچی:صبحی،مدينه كركوك وهويتها العمرانيه،٢٠٠٨، ط١ موسسة اتاتورك للثقافة واللغة والتاريخ ،استانبول

سعدى:سميان عبدالخالق،٢٠٢٣، الحياة الدينية والعلمية والثقافية فی منطقة بهدينان ودورها فی نشر العلم ، جامعة زاخو/كلية العلوم الانسانية ،صص ٢٣٥-٢٤٦، مجلة جامع العراقية عدد ٦٣/ج٢

الضابظ:شاكر صابر،كركوده دانيال بيغمر (نبى دانيال فی كركوك) ، ١٩٦٤ ،مجلة الاخائ ،العدد ٧-٨ ،بغداد

عبد الله:عمر خاليد، تطور الحياة العلمية في العراق خلال العهد العثماني،(١٧٥١١٨٣١ م)،٢٠٢٤،، كلية التربية للعلوم االنسانية / جامعة الموصل / العراق،مجله الفارابى للعلوم الانسانيه التی تصدر كليه الفارابى الجامعه.

عثمان:ژيلة كاوة، التعليم فی مدينه كركوك(١٩٢٦-١٩٦٨)،٢٠١٨،ماجستير، كليه العلوم الانسانيه،قسم التاريخ

العزاوی:عباس،العماديه فی مختلف العصور،١٩٩٨،تح.حمدي السلفی وعبد الكريم فندی،اربيل، وزاره الثقافه

قرداغی:محمد علی، هويه كركوك اثقافه والاداريه ،٢٠٠٤،منشورات اراس.
محمود:ليث شاكر ، النقيب: هناء وليد حميد: قلعة كركوك ، ٢٠١٦، مجلة دراسات فى اثار الوطن العربى ١٨،مجلد ١٩،العدد ١،الصفحة ١٤٩٦-١٥٢٢
المدرس: عبد الكريم، ١٩٨٣،علماونا فى خدمه العلم والدين، ط١،دار الحريه ،بغداد.
مصطفى:لمى عبد العزيز ،٢٠٢١،اوضاع التعليم الرسمى فى كركوك ١٨٧٠-١٩١٤،مجلة اداب الرافدين ،العدد الرابع والثمانين /السنة الواحدة والخمسون،وزارة التعليم العالى والبحث العلمى ،جامعة الموصل /كلية الاداب
معلوف:لويس، المنجد فى اللغه، ٢٠٠٩م، لمطبعة الكاثولكية.بيروت.
الهورامانى:عدنان عبدالقادر، مخطوطات الشيخ محمد الخال الكردي فى مكتبة الاوقاف المركزية فى السليمانية ، ٢٠٢١، مطبعة رينيون ، السليمانيية ،ط١
يوسف: جلال اورحمان، احمد: عمر حمه رشيد، (المدارس الكردية ونبذة من تاريخها، اذار ٢٠٢٤،مجلة الدراسات التربوية والعلمية -كلية التربية -الجامعة العراقية العدد الثالث والعشرون – الملد الرابع -علوم القران واللغة العربية.
بەزمانی فارسی:
سجادی:سيد عبدالحميد حيرت،١٣٩١، علماء دانشمندان كردستان دروصدسال اخير،اراس.سندج

Sources:
.١In Kurdish
Ahmadian: Allama Mullah Abdullah, 2008, Treasury, Collection of Articles, Publishing House, Tehran.
Baban: Jamal, Sulaimani My bright city Sulaimani from the day of its construction to the end of the Baban rule, 2012, Volumes 1 and 2, Aras Publishing House, Erbil
Bahrkayi: Mullah Tahir Mullah Eidallah 2010 (History of Kurdish Scholars), Volume 1, Volume 1, Aras Printing House.
Barzanji: Omar Sheikh Latif, 2001, A Journey through the Mosques of Erbil, Library of the General Directorate of Culture and Arts, Erbil
Barzanji: Mohammed Sheikh Abdulkarim Solayi, 2020, A family in history Sheikh Reza Delezha and his descendants, Volume 2, Karo Printing House, Sulaimani.
Bakr: Ashti Rahman., 2019, Erbil in the Ottoman era, Vol. 1, Kurdistan Center for Documentation and Academic Research, Sulaimani University. Sara Printing House, Sulaimani
Penjweni: Abdullah, 1998, (Mosque and Madrassa in Kurdistan and Islam.(
Tayeb: Jamal Fathullah: 2008, p. 62, Koya, 1918-1958, Shahab Printing House, Erbil

Chalabi: Awliya, 1979, Kurds in the history of their neighbors, and Saad Nakam, Kori Zanyari Printing House, Baghdad.
Hawezi: Tahir Ahmad, 2007, History of Koya, Volume 2, Nimir Printing House, Baghdad.
Treasurer: Marf, 2004, History of Kurdish Literature Half of the Nineteenth Century and Early Twentieth Century 1851-1914, Vol. 1, Aras Publishing House, Erbil
Situation of Education in Kirkuk (1968-1991), Master. Sulaimani University – College of Humanities / History
Rasha: Akrami Mahmoudi Salihi, 1987, Sulaimani, Volume 1, Second Edition, Kurdish Cultural Publishing House.
Zamzirani: Seyed Mustafa Mahmoudiyan, 2003, Faqe and Faqeyati in Kurdistan, Maharat Printing House, Tehran
Zaki: Mohammed Amin: 1939, History of Sulaimani, the country from the very ancient period to the first occupation (1918), Al-Najah Tea House, Baghdad.
Zalmi: Mustafa Ibrahim, 2016, Karwani Zhyanm, Ehsan Publishing House, Tehran.
Salih: Aras Mohammed, 2017, Education and Science Movement of Karadag Region, Kurdish Academic Journal, No. 37, pp. 248-2
Sajadi: Alaeddin, 2010, Kurdish, Kurdistan Publishing House, Sindh.
Expert: Karim, Hawezi: Nazim, 2009, Koya in the civilizational movement, Roshnbiri Printing House, Erbil
Shuani: Ako Abdulkarim, 2002, (Shari Sulaimani (1918 1932)), Vol. 1, Zanst Printing House, Sulaimani,. Mufti: Ihsan Rashad, 2024, Sulaimani Military School in Ottoman Archive Documents 1893-1
Sheikh Baba Ali, Sheikh Nuri, 2001, Sarchaway Bigardbonasini Mard, Ch1 Sulaimani Printing House, Sulaimani.
Saber: Hardi: 2019, (Scientific License in Kurdistan), Vol. 1, General Directorate of Public Libraries No.
Saber: Hardi, 2016 (Summary of the History of Mahvi Monastery Mosque), Re New Printing House.
Saber: Hardi, 2016, Summary of the biography of Mufti and great scholar Mullah Abdullah Chrustani, General Directorate of Libraries
Alaa al-Din: Abdul Khaliq, 2009, Great Mullah, Scholar, Writer and Poet. Ch2, Minara Printing House, Erbil
Aliawa: Mullah Mohammed, 2003, Life of jurisprudence in Kurdistan in the 13th and 14th centuries AH, prepared by Abdullah Aliawa, vol.

Qadir: Luqman Mohammed, 2023, Position of Naqshbandi Sheikhs in Hawramabad and Halabja 1918-1958, Master, Sulaimani University - College of Humanities - Department of History.
Qzalji: Mohammed, 2013, (Introduction to Sulaimani Mosques and Religious Schools), and Aras Mohammed Salih, Vol. 1, Shvan Printing House
Karadakhi: Mohammed Ali, 2004, Reviving the history of Kurdish scholars through their handwriting, B/1/Ch1, Mubaiz Printing House, Baghdad
Koyi: Mala Mohammed, 2009, Kurdish Tafseer of the Word of God, 1 volume? Hamdi Printing House, Sulaimani
Karim: Khalid Mahmoud, 2019, South Kurdistan in the End of the Ottoman Period, Vol. 1, Karo Printing House, Sulaimani
Galalayi: Mullah Mahmoud, 2019, A brief biography of Mullah Galala Haji Mullah Mohammed Rais, published by Aram Library, Sulaimani.
Mohammed: Rewas Fatah, 2023, (Southern Kurdistan Cities in the Nineteenth Century), Ph.D., College of Humanities, University of History.
Mohammed: Shirin Saber, 2023, (The role and position of the mosque in the island region (4-7 AH/10-13 AD), Master's thesis, Sulaimani University, College of Humanities, Department of History.
Mohammed: Massoud, 2010, Haji Qadir Koyi, Part 1, Ch 2, Aras Printing House, Erbil.
Teacher: Abdul Karim, 2004, Rojkari Zyan, Memoirs and Memoirs of Mullah Abdul Karim Muderis, prepared by Roof Mahmoudi, Kurdistan Publishing House.
Teacher: Mullah Abdulkarimi, 2000, Family of Zanyaran, Kani Book Publishing House, Sanaa, Shuhada Street
Mukriani: Huzni, 1989, Koya city in autumn 1935, Roshnbiri Nui magazine, No. 124, December, pp. 41-5
Miran: Rashad, 2000, Religious and National Situation in Kurdistan, Brotherhood Center, Erbil
Natami, Omar Ahmad, 2021, Stars of the sky of science, history of some Kurdish scholars and schools, Vol. 1, Gasha Library
Hawrami: Hama Karim, 2008, History of Education and Study in Kurdistan Classrooms, Ministry of Culture, Erbil
.٢In Arabic
Ahmad: Ibrahim Khalil, 1982, p. 33) Development of National Education in Iraq 1869-1932. Al-Basra Printing House.
Ahmed: Ibrahim Khalil. Education Movement in Iraq: Mosul Civilization Encyclopedia, 1992, Mosul, Mosul Printing, Volume Four

Ismail: Zubair Bilal, 1984, Scholars and Teachers in Erbil, Al-Zahra Al-Haditha Printing House, Mosul.
Ismail: Zubair Bilal, 2016, Erbil in its historical walls, Al-Numan Printing House.
Oglu: Nejat Kuthar, 2015, Pages of Kirkuk History from the Dawn of History to 1958, Dar Al-Hikma Printing House.
Oglu: Nizam al-Din Ibrahim, Kirkuk and the Role of Administrators and Scholars in the Development of Sciences in General 1918-2
Oghli: Akmel al-Din Ehsan, 1999, Ottoman State History and Civilization, T. Saleh Saadawi, Second Maj., Istanbul
Date: Mohammed Zaki Mullah Hussein, 2014, The Scientific Situation and the Role of School Mosques in Iraqi Kurdistan, International Conference on Islamic Sciences between Traditional Religious Schools and Contemporary Religious Faculties, Benkol University
Al-Bashdari: Abd Ahmad, 2022, Biara School and its Scientific Roles in Iraqi Kurdistan 1370-1400 AH, Faculty of Islamic Sciences, No. 70, pp. 430-4
Al-Balazri: Ahmad ibn Yahya ibn Jaber ibn Dawood, Conquest of the Countries, 1988, Beirut, Crescent Library?
Al-Hanafi: Abdul Mun'im, 2003, Sufi Encyclopedia, Dar Al-Rishad Publishing House, Volume 2, Cairo.
Al-Hairi: Alaa Khamis Alwan, 2019, Development of Education in Iraq and Social Life 19121958, Journal of Faculty of Basic Education for Sciences, Education and Humanities / Babylon University , Issue 42, pp. 1130-1
Point: Mohammed, Sheikh Marouf al-Nowdahi al-Barzanji, 1961, Civilization Printing House, Baghdad
Al-Khafaji: Khalil Judah Abd, 2024, Ottoman Educational Policy in the Covenant of Sultan Abdul Hamid II 1876-1909, Journal of Al-Rabia College for Girls in the Humanities, No السنة الثامنة عشر
Treasurer: Ma'roof, 1978, Farida Printing Houses and Nader Printing Houses, Part I, Knowledge Printing House.
Roof: Emad Abdulsalam, 2008, Proud Cultural Centers in Kurdistan A Study on the Important Cultural Centers that Have Risen in Iraqi Kurdistan During the Late Century, Khani Duhok Printing House, Printing House First
Roof: Emad Abdul Salam, 2012, Studies and Documentation in Kurdish History, Hadith and Civilization, Volume 1, Dar Al-Zaman Printing, Publishing and Distribution, Damascus
Roof: Emad Abdulsalam, 2015, Proud Cultural Centers in Kurdistan, Volume 1, Khani Printing House, Duhok

Saatchi: Subhi, Kirkuk City and its Architecture, 2008, Vol. 1 Ataturk Institute for Culture, Language and History, Istanbul

Saadi: Samyan Abdulkhaliq, 2023, Religious, Scientific and Cultural Life in the Religious Area and Its Role in the Publishing of Knowledge, Zakho University/Faculty of Humanities, pp. 235-246, University Journal Iraqi No. 63/C2

الضابط: Shaker Saber, Kirkuk Daniel Begmar (Prophet Daniel in Kirkuk), 1964, Brothers Magazine, No. 7-8, Baghdad

Abdullah: Omar Khalid, Development of Scientific Life in Iraq during the Ottoman Empire, (17511831 AD), 2024, Faculty of Education for the Humanities / Mosul University / Iraq, Journal Al-Farabi for the Humanities, published by Al-Farabi University.

Osman: Zhila Kawa, Education in Kirkuk (1926-1968), 2018, Master, Faculty of Humanities, Department of History

Al-Azawi: Abbas, Al-Madiyah fi Difference Al-Asr, 1998, Tah. Hamdi Al-Salafi and Abdul Karim Fandi, Erbil, Ministry of Culture

Qardaghy: Mohammed Ali, Huya Kirkuk Culture and Governance, 2004, Aras Publications.

Mahmoud: Laith Shaker, Lieutenant: Hana Walid Hamid: Kirkuk Castle, 2016, Journal of Studies in the Heritage of the Arab Homeland 18, Volume 19, Number 1, Pages 1496-1

Teacher: Abdul Karim, 1983, Ulamawna fi Khdmeh al-Alam waldin, Vol. 1, Dar al-Hurriya, Baghdad.

Mustafa: Lami Abdul Aziz, 2021, Situation of Official Education in Kirkuk 1870-1914, Magazine of Etiquette of the Rafdin, Fourth and Twelfth / Sunnah One and Fifteen, Ministry Higher Education and Scientific Research, Mosul University / Faculty of Arts

Attached: Louis, Al-Manjad fi Al-Lagha, 2009, Catholic Printing House, Beirut.

Al-Hawramany: Adnan Abdulqadir, Manuscripts of Sheikh Mohammed Al-Khal al-Kurdi at the Central Endowment Office in Sulaimani, 2021, Renew Printing House, Sulaimani, Vol

Yousef: Jalal Orrahman, Ahmad: Omar Hama Rashid, (Kurdish schools and their history, March 2024, Journal of Educational and Scientific Studies - Faculty of Education - Iraqi University No Third and Twenty – Generation Four - Quranic Sciences and Arabic Language.

In Persian:

Sajadi: Sayyed Abdul Hamid Hayrat, 2012, Kurdistan Scholars in the Last Year, Aras, Sanandaj